

# ئاشنابوون بە
# سیمون دی بوڤوار


سەرپەرشتیاری پرۆژە:

ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان رەئوف

ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
07701535029
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
07701369792
تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

## بیبلۆگرافیای ژیانی سیمۆن دی بوڤوار

**ئا: لوقمان رەئوف**

– لە 1908/1/9 لە پاریس لە خێزانێکی بۆرجوازیدا لە دایکبووە.

– لە ساڵی 1926 چوە زانکۆی (ئەکول نورمال سوبرایر (خوێندنی باڵا) ئەگەرچی تا ئەو کاتە تەنها کوڕانی وەردەگرت.

– لە ساڵی 1929 لە تەمەنی 21 ساڵیدا زانکۆی تەواو کرد و لە هەمان ساڵدا لەگەڵا سارتەردا ئاشنابوو، چونکە ئەو خوێندکاری بەشی فەلسەفە بوو.

– 1930 دەستپێکردنی چیرۆکی خۆشەویستی لەگەڵ سارتەر.

– 1931–1943 لە زۆربەی ناوەندیەکانی فەرەنسا وانەی فەلسەفەی وتوەتەوە.

– 1941–1943 وەک مامۆستا لە زانکۆی سۆربۆن وانەی وتوەتەوە.

– 1943 بڵاوکردنەوەی یەکەم رۆمانی خۆی (المدعوە).

– لەم ساڵانەشەوە کارەکانی گرانتربوو لەسەر کەسایەتی، وەک فەیلەسوف و بیرمەند، بەتایبەتی لە بواری ژناندا.

– لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا باوکی زۆربەی سەروەت و سامانەکەی لە دەستدا، ئەرکی بەخێوکردنی کەوتە ئەستۆی دایکی و لەسەر پرەنسیپی کاسۆلیکی بەخێویکردن، بەڵام زوو بێباوەڕی خۆی لە بەرامبەر کاسۆلیکی دا راگەیاند.

– 1949 بەشێوەیەکی تایبەتی ناسرا بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبی (رەگەزەکەی تر).

– 1981 کتێبی (بیردۆزی جیابوونەوەی لە سارتەر)ی نوسی و تێیدا باس لە گەرانی ژیان لەگەڵ سارتەردا دەکات.

– سیمۆن دی بە دایکی شەپو فێمێنیزم دادەنرێت لە پێش ساڵی 1968.

– 1980 تاوەکو ئەم ساڵە خۆشەویستی سیمۆن بەردەوام بوو لەگەڵ سارتەر.

– 1986/4/14 کۆچی دوایکرد و لە پاریس لە پاڵ سارتەردا نێژرا.

## دی بۆڤوار
## تێگەیشتن لە رەگەزی دووەم

ئا.لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود*

سیمۆن دی بۆڤوار (1946–1986) فەیلەسوفی بوونگەرایی فەرەنسی، هاوکات وەک روناکبیرێکی گشتی، چالاکوانێکی سیاسی، تیۆریسنێکی فێمێنیست و کۆمەڵایەتی ناسراوە. ئەو خۆی وەک فەیلەسوف نەناسیووە، بەڵام کاروهاوبەشە مەزنەکانی لەبواری بوونگەرایی و فێمێنیستی بوونگەرایی، ئەو دەکەنە فەیلەسوف و فیمێنیستی دیاری سەدەی بیست. نووسینەکانی دی بۆڤوار جۆراوجۆرن: رۆمان ، وتار ، ژیاننامە ، دەربارەی فەلسەفە، سیاسەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانن.

### فەلسەفەی فێمێنیستی دی بۆڤوار

لە کتێبی ( رەگەزی دووەم- The Second Sex)دا، دی بۆڤوار زۆر راشکاوانە دەست بۆ گرفتەکانی ژنان دەبات. سەرەتا باس لە چەمکی ئافرەت بوون دەکات و دەپرسێت ئایا لەراستیدا شتێک بوونی هەیە بەناوی ئافرەتەوە؟ ئەگەر هەشبێت، ئایا شتێکی پەسەندە؟ ئایا رۆڵی ئافرەت چییە لە جیهاندا و دەبێت رۆڵی ئافرەت چی بێت لە جیهاندا؟

دی بۆڤوار سەرەتا لەو راستییەوە دەستپێدەکات و پێیوایە (مێ) بوون واتای ئافرەت بوون ناگەیەنێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ژنان هەمیشە پێویستیان بەوە هەیە رەگەزی خۆیان پێناسە بکەن،لەکاتێکدا پیاوان هەرگیز پێویستیان بەوە نەبووە رەگەزی خۆیان بناسێنن. لەم روانگەیەشەوە رەگەزی پیاوان هەمیشە وەک رەگەزی باوی کۆمەڵگە سەیرکراوە و هاوتا کراوە بەرەگەزی مرۆڤایەتی. بەتێگەیشتنی دی بۆڤوار (نێر)بوون لە روانگەی کۆمەڵگەوە گرفت نیە، بەڵام (مێ) بوون بارێکی تایبەتە. بۆ سەلماندنی ئەم تێگەیشتنەش ئاماژە بە بۆچوونەکانی (ئەرستۆ و سانت تۆماس) دەکات ، کە ئافرەت وەک ( بوونێکی ناتەواو یاخود مرۆڤێکی ناتەواو) وێنا دەکەن.

لەم روانگەیەوە دی بۆڤوار دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە چەمکی (ئافرەت

بوون) چەمکێکە لە گۆشەنیگای دنیایەکی نێرسالارییەوە پێناسەی بۆ کراوە بەو شێوەیەی کە پیاوی حەزی پێیەتی و ئارەزوی دەکات، بۆیە دی بۆڤوار پێیوایە کە چەمکی ئافرەت بوون نابێت پێچەوانەی پیاو بوون بگەیەنێت ، چونکە ئافرەتیش وەک پیاو بوونێکی تەواو و سەربەخۆیە.

مرۆڤایەتی ئاشنایە بە پۆلێنکردنی شتەکان بە پێوەری دوالیزمی وەک:رەسـەن و بیانی ، بـاوەڕدار و بێباوەڕ ، چینی باڵا و چینی خوارەوە، بەڵام دی بۆڤوار لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنەدا نیە و پێیوایە شتێکی دروست نیە ئەم دوالیزمیە بۆ پۆلێنکردنی نێوان رەگەزەکان ( نێرو مێ) بەکار بهێنرێت.

سەبارەت بە هۆکاری باڵادەست بوونی نێرسالاریش لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا، دی بۆڤوار رەتیدەکاتەوە کە ژمارەی پیاوان، یاخود سروشتی ئافرەت هۆکاربن بۆ ئەم باڵادەستییە. دی بۆڤوار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەگەڕاندنەوەیەک بۆ مێژوو ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەمیشە ژمارەی ژنان لە پیاوان زیاتر بووە. سەبارەت بەوەی کە سروشتی ئافرەت هۆکارێک بێت بۆ باڵادەستی پیاوان ، دی بۆڤوار پێی وایە سروشتی شتەکان شتێک نین کە نەتوانرێت گۆڕانکاریان بەسەردا نەیەت،بۆیە ئەم هۆکارەش دوورە لە راستییەوە.

بە تێگەیشتنی بۆڤوار باڵادەستی پیاوان و ژێردەستی ژنان دەگەڕێنەوە بۆ خودی ژنان خۆیان. ئەو پێیوایە ژنان وەک هێزێکی کۆی یەکگرتوو هەوڵ نادەن تا ناسنامەیەکی تایبەت بۆ خۆیان دروست بکەن. بۆڤوار رایدەگەیەنێت ئائێستا بزووتنەوەیەکی راستەقینەی یەکسانیخوازی ژنان بوونی نەبووە لەبەر نەبوونی ئەو یەکێتییەی نێوان ژنان خۆیان.

سەبارەت بەو بۆچوونەش کە پێیوایە ئافرەتان بەشێکی دانەبڕاون لە پیاوان و ناتوانن بەبێ پیاوان بژین، ئەو دەڵێت راستە ژنان پێویستیان بە پیاوان هەیە ، بەڵام لە هەمانکاتدا پیاوانیش پێویستیان بە ژنان هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان بە تایبەتی تێرکردنی غەریزەی سێکسی.

لە کۆتاییدا بۆڤوار دەڵێت پیاوان لەوەدا سەرکەوتوو بوون، کە لە رێگەی دابینکردنی پێداویستیە فسیۆلۆژییەکانەوە توانیویانە ئافرەتان کۆنترۆڵ بکەن و رۆڵی پاسیڤیان پێ ببەخشن. بۆ رزگاربوون لەو بارودۆخەش ئەو پێیوایە ئافرەتان

لە ڕێگەی هێزی جەسنەیی و دەروونی و ئابوورییەوە ناتوانن بگەنە ئازادی ڕاستەقینە، بەڵکو لە ڕێگەی هێزی یەکگرتووی خۆیانەوە بۆ تێکشکاندنی ئەو دنیایەی پیاوان بۆی دروستکردون.

## چەمکی جەستە و ئافرەت بوون

لەهەمان کتێبدا ( ڕەگـەزی دووەم–The Second Sex) دی بۆڤوار سکێچێکی روونمان پیشاندەدات دەربارەی تێگەیشتنی ئافرەت بۆ جەستەی خۆی و بۆ کاری ئۆرگانەکانی جەسنەی. هەروەها باس لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە دەکات بۆ دروست بوونی ئەو تێگەیشتنە.

دی بۆڤوار پێیوایە هیچ کەسێک لە دایک نابێت وەک ئەوەی کە هەیە، بەڵکو بوونمان دەرئەنجامی کۆمەڵێک هەڵبژاردەیە کە لە ژیانماندا دەیگرینە بـەر. کاتێک لەو سەرچاوانەی خۆمان، یاخود ئەو سەرچاوانەی کۆمەڵگە بۆی فەراهەمکردووین خۆمان بنیات دەنێین ، ئەوا تەنها بەهاکان دروست ناکەین ، بەڵکو لەو ڕێگەیەوە خۆشمان دروست دەکەین.بوونمان دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانمانە.

سەبارەت بە جەسنەی ئافرەت، دی بۆڤوار لەڕێگای کۆمەڵێک حاڵەتەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئافرەت  لە ڕێگەی جەسنەی خۆیەوە دەتوانێت تێڕوانینی پۆزەتیڤ، یاخود نێگەتیڤی دەربارەی بوونی خۆی هەبێت. ئافرەت دەتوانێت جەسنەی خۆی بەکار بهێنێت بەشێوەیەک کە وەک بوونێکی ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، یاخود بەشێوەیەک کە بچەوسێنرێتەوە. دی بۆڤوار پێیوایە هیچ گرفتێک دەربـارەی جەسنەی ئافرەت بوونی نییە، ئەوەی هەیە پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئافرەت خۆیەوە هەیە.ئایا ئافرەت خۆی وەک بابەتێکی ئازاد دەبینێت یاخود وەک شتێکی بینراوی کۆمەڵگە.

بە تێگەیشتنی دی بۆڤوار – کە بیرۆکەکەی لە سارتەرەوە وەرگرتووە– ئافرەت بوون شتێکە لە روانگەی پیاوانەوە. چەمکی ئافرەت بوون چەمکێکی نێرانەیە، چونکە هەمیشە  نێر سەیر کەر بووە و ئافرەتیش سەیرکراو، کەواتە مانای ئافرەت بوون مانایەکە لەلایەن پیاوانەوە داڕێژراوە،هەروەها سکپڕبوون

و ئۆرگانەکانی دیکەی ئافرەت شتێک نین مایەی شەرم و نەنگی بن بۆ ئافرەت ئەگەر کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کراوە بێت.

بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیشی دی بۆڤوار ئاماژە بە قۆناغی منداڵی کچان و کوڕان دەکات کە هەردوو رەگەز هەمان حەز و ئارەزوویان هەیە و جیاوازی نێوانیشیان شتێکی زۆر سادەیە. ئەو دەپرسێت بۆچی دواتر ئەم جیاوازییە گەورەتر دەبێت و گرنگی زیاتر پەیدا دەکات؟ ئەو دەپرسێت ئەو شتانە چین کەوا لەکەسێک دەکەن ببێت بە ئافرەت؟

دی بۆڤوار لەسەر ئەم ئارگومێنتە بەردەوام دەبێت و ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک جەستەی کوڕان و کچان گەشە دەکات، کۆمەڵگە دوو تێڕوانینی جیاوازی هەیە. سەبارەت بە جەستەی کوڕان وەک پرۆسەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام سەبارەت بەجەستەی کچان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵدا دەکات.

پیاوان چاو لە جەستەی مێ دەبڕن ، سەیری دەکەن وەک بوونێکی سێکس بەخش ، دایک بەردەوام کچەکەی دەربارەی جەستەی ئاگادار دەکاتەوە، کوڕانیش کۆمێنتی سێکسی دەربارەی جەستەی کچان دەدەن...هتد... هەموو ئەمانە وادەکەن ئافرەت رقی لەجەستەی خۆی بێت و حەزبکات بوونی نادیار بێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە دەروونییەش دی بۆڤوار ژنان هۆشیاردەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەک هەست بەشەرم نەکەن، دەربارەی جەستەی خۆیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە فەخر و سەرفرازی بکەن ، چونکە ئەو کۆت و بەندانەی رووبەڕووی دەبنەوە دروستکراوی کۆمەڵگەیە وسروشت لێیان بەرپرس نیە. بەڵگەش بۆ ئەو تێگەیشتنە ئەوەیە: ئایا کاتێک ئافرەتان بەتەنها لەشوێنێک دوور لە پیاوان پیاسە دەکەن و بەناو سروشتدا گەشت دەکەن هەمان هەستیان هەیە؟ لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر ئافرەتان بەشێوەیەکی ئەرێنی لەجەستەی خۆیان بڕوانن.

هاوکات داواش لە کۆمەڵگە دەکات بواری زیاتر بدات بە نەوەکانی، بۆ ئەوەی ئازادی ئافرەت زیاتر گەشە بکات و بەشێوەیەکی تەندروستیش پەروەردەی سێکسی نەوەکانی (نێر و مێ) بکات ، بۆئەوەی هەردوولا بەشێوەیەکی

سەرنجڕاکێش لەیەکدی بڕوانن نەوەک بەشێوەیەکی خۆپەرستانە.

## دی بۆڤوار وەک مرۆڤ

سیمۆن دی بۆڤوار لەخانەوادەیەکی دەوڵەمەندی کاسۆلیک لەدایک بووە. لە قۆناغی منداڵییەوە تا تەمەنی 14 ساڵی منداڵێکی دیندار بووە و حەزی کردووە ببێت بە راهیبە، بەڵام لەتەمەنی 14 ساڵیدا گرفتی باوەڕی بۆ دروستدەبێت و تا دەمرێت وەک کەسێکی بێ باوەڕ دەمێنێتەوە. لەرووی رۆشنبیریشەوە باوکی کاریگەری گەورەی لەسەری هەبووە.

پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی بەکالۆریا و دبلۆم لە زانکۆی سۆربۆن فەلسەفە دەخوێنێت. دوای ئەوە بەشداری تاقیکردنەوەی (agrégation)دەکات. ئەو تاقیکردنەوەیە بەیەکێک لە تاقیکردنەوە ئاست بەرزەکان دادەنرێت. هەر لەوکاتەشدا سارتەر دەناسێت و هەردووکیان بەسەرکەوتووی لەو تاقیکردنەوەیە دەردەچن . سارتەر یەکەم دەبێت و دی بۆڤواریش دووەم. لەو کاتەدا دی بۆڤوار لاوترین کەس دەبێت کە ئەو بڕوانامەیە بەدەست بهێنێت.

هەرچەندە سارتەر داوای لێدەکات شووی پێ بکات، بەڵام دی بۆڤوار ئەم داوایە رەتدەکاتە و لەبری ئەوە پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ گرێدەدات لە دەرەوەی سنووری ژن و مێردایەتی. دی بۆڤوار قەناعەتی بەشووکردن نەبوو، بۆیە خۆی نەخستە ناو ئەو گرێ بەستەوە. دی بۆڤوار منداڵی نەبوو ، هەروەها هیچ ئیلتیزامێکی ژن مێردایەتی نەبوو ئەمەش کاتێکی باشی بۆ گەڕاندبۆوە بۆ نووسین و بەدەستهێنانی پلەی ئەکادیمی و بەشداریکردن لەچالاکییە سیاسیەکان و گەشتکردن بۆ وڵاتان.

ساڵی 1931 دەبێتە مامۆستای دواناوەندی. لەماوەی کاری مامۆستایەتیدا دی بۆڤوار پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارە کچەکانی خۆیدا دروستدەکات. هەر لەسەر ئەو کارەشی لە ساڵی 1943 دا لەکاری مامۆستایی دوور دەخرێتەوە، بەڵام ئەو لە نووسینی کارە فەلسەفی و بوونگەراییەکانی بەردەوام دەبێت.

ساڵی 1944 یەکەم وتاری فەلسەفی خۆی بەناوی (Pyrrhus et Cinéas)

بڵاودەکاتەوە. لەکۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا لەگەڵ سارتەر و هەندێک لە هاوڕێکانیدا بڵاوکراوەیکی سیاسی بەناوی (Les Temps Modernes) بڵاو دەکەنەوە، تامردنیشی دی بۆڤوار لەو بڵاوکراوەیە کاردەکات.

ساڵی 1949 کتێبی The Second Sex بڵاودەکاتەوە.ساڵی 1954 کتێبی The Mandarins بڵاو دەکاتەوە کە بەهۆی ئەو کتێبەوە دەبێتە خاوەنی بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی فەرەنسی : Prix Goncourt. دوای ئەوەش بەردەوام دەبێت لەبڵاو کردنەوەی رۆژژمێری گەشت و سەفەرەکانی.

لەساڵی 1970دا بەشداری دەکات لە بزوتنەوەی ئازادی ژنان. ساڵی 1980 کۆمەڵێک کورتە چیرۆک بەناوی When Things of the Spirit Come First بڵاودەکاتەوە.ساڵی 1981 وتارێک دەربارەی ساڵەکانی کۆتایی ژیانی سارتەر بڵاو دەکاتەوە. دوای مردنی سارتەر، دی بۆڤوار ئەو نامانەی کەسارتەر بۆ ناردبوو بە دەستکاریکردنەوە بڵاودەکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی نەبنە هۆی ئازاردنی ئەو کەسانەی تا ئەو کاتە لە ژیاندا مابوون.

ساڵی 1986 کۆچی دوایی دەکات و لەدوای خۆی ئەونامانەی بۆ سارتەر و کەسانی دی ناردبوو بەبێ دەستکاری کردن بڵاو دەکرێنەوە.

**سەرچاوەکان:**

1. Wikipedia, the free encyclopedia.

2. http://voices. yahoo. com/the–feminist–philosophy–simone–de–beauvoir–4990508. html–

3. http://www. philosophynow. org/issues/69/Becoming_A_Woman_Simone_de_Beauvoir_on_Female_Embodiment.

## پەیوەندی نێوان سیمۆن دی بۆڤوار و سارتەر

**ئامادەکردنی : سەلاح سەعید ئەمین**

ئەو پەیوەندییە حیرەتئامێزەی لەهاوینی 1929دا لەنێوان ژان پۆڵ سارتەر و سیمۆن دی بۆڤواردا هاتە ئاراوە ،ئەو گەشتانەی پێکەوە بۆ باخچەی لۆگسۆمبۆرگ دەیانکرد لەپاریس دەیانکرد، ئامادەییەکی فراوانی لەنێو قوتابیە درەوشاوەکانی فەلسەفەدا هەبوو لە ئیکۆڵ نۆرماڵ.ئەمە بابەتی کتێبەکەی کارول سیمۆر -جۆنز-ە.

سارتەر بەسێ ساڵ تەمەن لەسیمۆن گەورتر بوو، ناوبانگیکی خراپی بۆ دروستکردبوو،نوسین و بۆچونەکانی بەوەناسرابوون کەلەهەڵهێنجانی فەلسەفەیەکی نامۆوە سەرچاوەدەگرن کەلەسەرگەردون وەستاون ،وەک چۆن بەهەڵسوکەوتە ناسروشتیەکانی ناسرابوو لەئاهەنگەکانی قوتابیاندا ،لەسەرلەبەیانی رۆژێکدا دی بۆڤوار خۆی لەباخچەی لۆکسۆمبۆرگدا بینیەوە،کەوتە داوی خۆشەویستی سارتەرەوە،کەوتە ژێر کاریگەری سیحرەکانیەوە،سارتەر ساحیرێکی لێزان ولێهاتوو هاوکات ناقۆڵا بەشێوەیەکی جادویانە.

سارتەر گوێی بۆ بۆچونەکانی هامول»جودە» پشت سنورەکانی حیرەت، یان مەعریفە گرت، پاشان سێ کاتژمێری بەرێکرد لەشەقارشەقارکردنی فەلسەفەکەیدا بۆ پارچە پارچەی بچوک.

دوای چەند مانگێک، دی بۆڤوار دەستپشخەرییەکی کرد بۆسارتەر، سارتەریش هاوسەرگیری بە»دامەزراوەیەکی بۆرجوازی ریسوا»وەسفکرد، و ئیدی سیمۆن هارمۆنییەکی رۆمانسی خستەروو: «کەئەوان گرێبەستێک بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبەستن کەقابیل بەتازە کردنەوەیە، سەبارەت پەیوەندی نێوانیان، دەستی بەسەر سارتەدا هێناو هەستیکرد بۆنی سارتەر تێکەڵەیەکە لەتوتن و موعجەنات و رایموسی «.

ئابەوجۆرە یەکێک لەپەیوەندییە پڕ حیرەتەکانی مێژووی ئەدەب دەستپێکرد، ئەونامانەی سارتەر بۆ خۆشەویستی نوسیونی گوزارشتن لەفەلسەفەیەکی ئەکادیمی سەرسوڕ ئامێز، گوزارشتن لەخۆشەویستی و

رۆمانسیەت و خەیاڵی زانستی.

ئێمە دوو هۆشاری تواوەین لەیەک جەستەدا، لەنێوان ئاسمان و زەویدا شەپۆل دەدات،دوو جەستەی ئالی بچوکین سەبارەت بەنیگەرانییەکانی بۆڤوار،ئەوان جەستەیان لێکجیابو.

هەردوو کیان بەجیاو لەدوو شوێنی جیاوازدا بۆ ئەرکی وانە وتنەوە دامەزران،پاشان سارتەر بانگهێشتی سەربازی زۆرەملێ کراو نۆ مانگی وەک زیندانی جەنگ لەزیندان بەسەربرد، لەم ماوەیەدا پەیوەندیەکانی نیوانیان باش نەبوو، دیدو تێروانینی هەریەکێکیان دەربارەی هاوسەرگیری و پەیوەندییەکانیان تەواو لەیەک جیاواز بو، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانیان زیاد لەسەدەیەک درێژەی کێشاو لەو ماوە زۆرەدا هەریەکەیان پارێزگاری لەو پەیمانەکرد کەبەیەکتریان دابوو، بەوەی هەریەکێکیان ئەویتریان ئاگادار بکات لەهەمو ئەوەی روودەدات و بەسەریدا دێت.

لەکاتی سەرەمەرگیدا، دی بۆڤوار گوتی: »مەرگی سارتەر لەیەکی دابڕین،هەرگیز مەرگی من نامانکاتەوە بەیەک،پێکەوە گونجانی ئەو ماوە دوورودرێژەمان پێکەوە بەسە».

سارتەر و دی بۆڤوار دوو کەرەسەی قورسن بۆ کەسێک بیەوێت ژیانیان بنوسێتەوە،ئەوەی ژیانیان بنوسێتەوە ،ئەوەی بیەوێت و هەوڵبدا بەتەواوی لەعەقڵیەتی هەریەکێکیان تێبگات هەست بەقورسی کارەکەی دەکات،وەک یەکێک لەقوتابیەکانی سارتەری لێدێت لەقوتابخانەی «اللیسیە»،یەک لەقوتابیەکان دەڕواتە پۆلەوەو بەلاقرتیکردنێکەوە بەدەوروبەری قوتابیەکاندا دەروانێت و دوای بێدەنگییەک کە 45 چرکە دەخایەنێت هاواردەکات: « هەموو ئەم دەموچاوانە روناکییان تێدانیە».

سەرباری ئەم قورسییە، بەڵام سیمۆر-جۆنز -ی نوسەر ژیاننامەیەکی باشی بۆ هەردووکیان نوسیوە ،جگەلەوەی لەسەرووردەکارییە تایبەتەکانی ژیانیان وەستاوە هاوزەمان لەبارەی رۆمان ،شانۆ، وتار،یادەوەری و کەمپینەسیاسیەکانیانەوە دواوە کەوایانکرد ئەم دوو بەناوبانگە ببنە ڤۆڵتێرو ڤیگتۆر هۆگۆی سەدەی بیستەم.

ئەوشتەی کەزۆر کەس لەسارتەریان چاوەڕێدەکرد سوربوونی سارتەربوو

لەسەرڕاقیکردنەوەی دەسەڵاتەکەی، لەکاتێکدا هێندەی دۆستەکانی دوژمنیشی هەبوو. فەلسەفەی «وجودی» رەتکردەوە کەبەم فەلسەفەیە ناو و ناوبانگی پەیداکرد.

بێ ئەوەی لەرووی فکرییەوە هاوبەشیان بن پلەی دووەمیان بەدەست هینا لەرێی دۆزە چەپە سیاسیەکانەوە وەلێ ناکرێت بەرەهایی هەڵوێستیان بەهەلپەرست دابنرێت ،ئەمان کاتێک نەیار بوون بەشەری فەرەنسا بۆ سەرجەزائیر ،ئەمان کاتێک نەیاربون بەئەشکەنجەدان لەلایەن سوپای فەرەنساوە خەریکبو لەسەردەستی تیرۆریستە راستڕەوەکان تیرۆر بکرێن،بۆ ئەمرۆ سەرجەم هەڵوێستە سیاسیەکانیان بەتەندروست دەرناکەون.

ئەو فەیلەسوفانەی هەوڵدەدەن جیهان بگۆڕن ،هەندی هەڵەدەکەن، ئەو نوسەرانەی کەدەیانەوێت دەنگیان ببیسترێت، پێویستە لەسەریان بگەنە رێگەچارەیەکی مام ناوەندلەگەڵ چاودێریدا،ژمارەیەکی کەم لەنوسەران پارێزگاری لەئازادی فکرییان دەکەن ،وەک سارتەر و کامۆ، تەنانەت کاتێک سارتەر لەزیندانیش بو وەک زیندانییەکی جەنگ شانۆیەکی لەبارەی بەرگری فەلەستینەوە نوسی لەرۆژگاری داگیرکاری رۆماندا.(1)

**سەرچاوەکان:**

(1)ئـەم بابەتەلە»التایمز»ەوە وەرگێـراوەو لەپاشکۆی «المنارات» ی رۆژنامەی «المدی»دا لەژمارە»2416»ی رۆژی 7 ی ئازاری 2012 دا بڵاو بوەتەوە.

(2)سایتی :ویکیپیدیا،الموسوعه الحره .24-4-2012

## سیمۆن دی بوڤوار و بزوتنەوەی ژنان

کلۆدیەن مونتی
لە فارسییەوە: ڕێباز مستەفا

کلۆدیەن مونتی ١٩٤٩ لەپاریس چاوی بەدنیا هەڵێناوە. دایکی، ژوسین سێر، کیمیازان و باوکیشی ژان پیر سێر، بیرکاریزان بوو. کلۆدیەن لەتەمەنی گەنجیدا پەیوەستی بزوتنەوەی ژنان فەرەنسا بوو، هەر لەسەرەتاوە پەیوەندییەکی دڵسۆزانەی لەگەڵ سیمۆن دی بوڤوار و خوشکە نیگارکێشەکەی ،واتە هێلین سیمون دی بوڤوار و ژان پۆل سارتەر دروستکرد، کە تا مردن هەر بەردەوام بوو. ئەو خاوەنی بەڵگەنامەی دکتۆرا لەرشتەی «لێکۆڵینەوە لەژیانو بەرهەمەکانی سیمۆن دی بوڤوار» لەزانکۆی نیس و ئەندامی ئەنجومەنی سیمۆن دی بوڤوارە. لەکتێبەکانی کلۆدیەن مونتی دەتوانین ئاماژە بەخوشکانی دی بوڤوار، سیمۆن دی بوڤوار و بزوتنەوەی ژنان: بیرەوەریەکانی کچێکی شۆڕشگێڕو ئەویندارى ئازادی:سارتەر و دی بوڤوار بکەین.

ئەم وتارەی خوارەوە لەو رووەوە گرنگە کە یەکێکە لەگێڕانەوە دەگمەنو ئۆرجیناڵەکانی بەشداریی سیمۆن دی بوڤوار لەچالاکیە زانستی و رۆشنبیریەکانی بزوتنەوەی ژنان و کاردانەوەو کاریگەریی تیۆریو زانستیی ئەو لەسەرهەڵدان و چەکەرەکردنی ئەو بزوتنەوەیە لەفەرەنسا ( و لە جیهان).

**● سیمۆن دی بوڤوار و بزوتنەوەی ژنان: گێڕانەوەی شایەدحاڵێک**

من هەر لەرۆژەکانی سەرەتای ژیانم، منداڵێکی رەگەزی دووەم بووم. ساڵی ١٩٤٦، جەنگی دووەمی جیهانی تازە کۆتایی هاتبوو، فەرەنسا خەریکی سارێژکردنی برینەکانی بوو کە لەئەنجامی داگیرکاریی نازیەکان تووشی ببوو، دایکم بڕیاریدا لە کیمیا کوانتۆم بخوێنێتو ببێتە مامۆستای کیمیا لە زانکۆی سۆربۆن،بەڵام چونکە ئەوکات هاوسەری بیرکاریزانێک بوو، هەندێک لەهاوکارانی باوکم ئامۆژگاریان کرد، کە واز لەو رشتەیە بێنێتو ژیانی خۆی بۆ «ئەو پیاوە کە

بۆی هەیە ببێتە زانایەکی بەناوبانگ لەو خێزانە» تەرخان بکات.

ئەو گوێی نەدایە ئەو ئامۆژگاریانەو درێژەی بەخوێندنەکەی خۆی دا. لە١٩٤٩رۆژێک لەڤیترینی کتێب فرۆشێیک چاوی بەکتێبێک کەوت کە بووبووە مایەی باسو هەرایەکی زۆری نابووەوە. چووە نێو کتێب فرۆشیەکەو دانەیەک لەکتێبی(رەگەزی دووەم)ی کڕی و لەکاتێکدا کە دووگیان بوو منی لەسکدا بوو، دەستی بەخوێندنەوەی کتێبەکە کرد. کتێبەکە تەکاندەرانە بووو ئەو ئیدی تەنیا نەبوو. لەوساتە بەدواوە دەیزانی هەستێکی راستو دروستی هەبووەو، توانای بەدەستهێنانی هێزو وزەی پێویست بۆ بەرەنگاریو نەک هەر تەنها بۆ بوون بەمامۆستای کیمیا بەڵکو توانای بوون بەیەکێک لە باشترین سەرکردە ژنەکانی زانکۆ لەفەرەنسای هەیە.

لەو مانگەی کە منی هێنایە دنیا، بەشی دووەمی کتێبی رەگەزی دووەم لەنێو هەراو مشتومڕی ئەو سیاسەتمەدارو نووسەرانە بڵاو بووەوە کە نەیاندەتوانی بەرگەی بگرن،بەڵام بەهۆی ئەو کتێبە دایکم تواناو ورەیەکی مەزنی بەدەستهێنا. ئەو منیشی فێر کرد کە شوێنپێی ئەو هەڵبگرم.

بیست ساڵ دواتر لە 1968، من لەپشت دەرگای خانووی ژمارە 11ی شەقامی شلوستەر، لە نزیک گۆڕستانی مونپارناس راوستابوومو پەنجەم خستبووە سەر زەنگی دەرگای ماڵی سیمون دی بوڤوار. کاتێک کە ئەو دەرگای کردەوە، بەهیچ شێوەیەک بیرم لەوە نەدەکردەوە کە چەندینو چەندین جار بگەڕێمەوە ئەو ماڵەو تا دیا ساتەکانی ژیانی دۆستو هاوڕێی ئەو بم.

**● ئاياری 1968**

لەنێوان ساڵانی 1949 و 1968 بە دەگمەن باس لە مافی ژنان لەکۆمەڵگەی فەرەنسا دەکرا. کارو هەنگاوەکانی دامەزراوەی ئاژانسی رێکخستنی خێزان ،تەنها رووکەشو پشگیریکردن بوو. زۆربەی خوێندنگاکان تێکەڵاو نەبوونو بەدەستهێنانی پۆستو کارە گرنگەکان بۆ ژنان لەبازرگانی، یاسا، ئەندازیاریو بوارە زانستیو تەکنەلۆژیەکانو هەڵبەتە کاری سیاسەتکردن زۆر سەخت بوو. تەنها ئەو کارانەی کە ئەوان دەیانتوانی ئومێدی بەدەستهێنانیان هەبێت، کاری مامۆستایی، پەرستاری یان کار ی بەردەستیو نوسینگەیی بوو.

ساڵی ١٩٦٨ کرێکاران لەسەرتاسەری فەرەنسا بۆ داکۆکیکردن لەبزوتنەوەی خوێندکاران دژ بەرۆتینو بیروکراتیی دەوڵەت دەستیان بە مانگرتنێکی فراوان کرد. وڵات نزیکەی مانگێک فەلەج بوو. هەر سێ رێبەری گرنگی ئەو بزوتنەوەیە پیاو بوون. لەو مانگەدا هیچکەس گوێی لەدەنگی لنێک نەبوو، بەڵام چونکە لەو کەشوهەوایەدا پیاوان بۆئەوەی یەکدی بناسن لەشەقامەکاندا، لەگەڵ یەک دەدوان ژنانیش بەدوای ئەواندا ئەو هەلەیان قۆستەوە بۆ باسکردن لەخەمو ئێشو ئارەزووەکانیان لە جیهاندا.

چونکە بزوتنەوەی ئاریاری 1968 زیاتر لەخوێندکارانی گەنج پێکهاتبوو، دەنگی سیمۆن دی بوڤوار لەو رۆژە هەستیارانەدا بەرگوێ نەدەکەوت. هەوەک ئەو لەبەرگی چوارەمی بیرەوەریەکانی واتە (لێپرسینەوە) دەڵێت، ئەو و سارتەر زیاتر چاودێری رووداوەکانیان دەکرد، هەرچەندە بەتەواوی چێژیان لەو جۆشو خرۆشو چالاکیەی رێبەرانی گەنج وەردەگرت، بەڵام بێدەنگبوونی ئەو درێژەی کێشا. سەرەنجام ژنان دەستیان بەقسە کرد. ساڵێک دواتر، قسەو لێدوانەکانیان رەهەندی گشتیان وەرگرتو سیمۆن دی بوڤوار کە لەکاتی بڵاوبوونەوەی کتێبی رەگەزی دووەمەوە، زۆر کەم باسی پرسی ژنانی کردبوو، ئەمجارە بەفراوانیو گشتگیرانە دەستی بەقسەکردن لەو بارەیەوە کردی تا مردیش هەر بەردەوام بوو.

## ● بزوتنەوەی ژنان

بزوتنەوەی ژنان لەفەرەنسا لە1969، ساڵێک دوای رووداوەکانی ئایاری ١٩٦٨، دروستبوو. ٢٦ی ئابی ١٩٦٩، هەشت ژن خۆیان گەیاندە تاقی سەرکەوتن تاکو چەپکەگوڵ دابنێنە سەر «گڵکۆی هاوسەری سەربازی ون». ئەم بوویەرە بووە مایەی ئاشوبێک لەنێو سەربازانو میدیاکانی فەرەنسای سەرسام کرد. بزوتنەوەی ژنانی فەرەنسا ئیدی لەدایک ببوو.

دیو مانگ دواتر، ژنان داوایان لەسیمۆن دی بوڤوار  کرد تا لەکەمپینێکدا بۆ نارەزایەتی بەرامبەر یاسای سزادانی  لەباربردنی کۆرپەلە لەلایەن سیستمی دادوەری فەرەنسا پشتیوانیان لێبکات. ئەو قبوڵیکرد. لەوە بەدواوە هەموو کۆبوونەوەکانی گروپی هەماهەنگی بزوتنەوە، هەموو دوانیوەڕۆی رۆژانی یەکشەممە لەئاپارتمانی ئەودا بەڕێوە دەچوو.

من سێ مانگ دوای ڕووداوەکانی ئاب پەیوەندیم بەبزوتنەوەی ژنانەوە کرد. منیش وەکو زۆربەی ژنانی دیکە لەبزوتنەوەی ئایاری 1968 هاوکاری ئەو گروپە خوێندکاریانەم دەکرد کە ژنانیان تەنها وەک مەنشیو بەردەست تەماشا دەکرد. من وتاری پیاوانێکم تایپ دەکرد کە لەهەوڵی گۆڕینو بێگومان باشترکردنی جیهان بوون. ئەو پیاوانە ڕێگەیان بەمن نەدەدا کە لەبابەتە سیاسیەکاندا بەشداری بکەم، بۆیە دیای ماوەیەک منیش وەک زۆر لەژنانی دیکە لەو بیەخپێنەدانو پشتگوێخستنەی ئەوان ماندو بوومو بۆ پەیوەستبوون بەبزوتنەوەی ژنان، گروپی خوێندکارانم بەجێهێشت.

کاتێک کە ریزی ئەوانم بەجێهێشت پێیان وتم کە بزوتنەوەی ژنان بێهوودە و هەنگاوێکی گەمژانەیە. ئەوان دانایان دەدایە من کە دوای گەیشتنی پیاوان بەدنیایەکی باشتر، پێگەو ژیانی ژنانیش خۆی لەخۆیدا باش دەبێت. پێموتن نامانەوێت چاوەڕێی ئایندەیەک بین، کە دڵنیا نین لەماوەی ژیانی خۆماندا بەدەستی بێنین. ئێمە خوازیاری هەنگاوی خێرا بووین. سیمۆن دی بوڤواریش هەمان ئەو هەستەی هەبووو ئەو پرسەی لەکتێبی لێپرسینەوەدا شیکردۆتەوە

گروپێکی بچوکی ژنان، نزیەکی٦ تا 8 کەس، هەموو ڕۆژانی یەکشەممە کاتژمێری ٥ی دوانیوەڕۆ لە ئاپارتمانی سیمۆن دی بوڤوار کۆدەبووینەوە. یەکەمینجار کە چوومە ئەوێ، پێموابوو لەکاتی خۆیدا گەیشتووم، بەڵام کاتێک دەرگام کردەوە، نیگای تێبڕیمو گوتی «درەنگ کەوتوویت!». ڕەفتارەکەی بۆ کچێکی ٢٣ ساڵە، گەنجترین ئەندامی گروپو کەسێک کە لە مێرمنداڵیەوەلایەداری ئەو بووە، ترسناک بوو. ساڵی1970 ، سیمۆن دی بوڤوار تەمەنی ٦٢ ساڵە بوو دەتوانی نەنکی من بێت.

کاتێک چوومە نێو ئاپارتمانەکەی ئەو، تێگەیشتم کە بۆچی ڕەخنەی لێگرتم. لەبەردەم کاناپەکەدا کاتژمێرێکی بچوک داندرابوو، کە دروست دە خولەک لەپێش بوو.. بۆ ماوەی ١٦ ساڵ کۆبوونەوەی تاقەتپڕوکێن، بەڵام پڕ جۆشو خرۆشی ئێمە دروست لە سەری کاتژمێری 6, 55 خولەک کۆتایی دەهات!

ڕووداوێکی سەیرتری دیکەش ڕوویـدا. پێموابوو زۆرترین کات گوێ لەسیمۆن دی بوڤوار دەگرین، بەڵام لەڕاستیدا هەرگیز وانەبوو، ئەو دوای

قسەکردن لەگەڵ یەکێک لە دامەزرینەرانی بزوتنەوەی ژنان، سەیرێکی منی کردی گوتی»تۆ پێتوایە دەبێت بۆ گشتاندنی پرسی لەباربردنی کۆرپەلە چیبکەین؟»من پێشنازی ئەوەم کرد، کە کارێک بکەین کە میدیاکان ناچار بکەین دەستەواژەی «لەباربردن» بەکار بێنن.

لەفەرەنسا بەکارهێنانی دەستەواژەی «لەباربردن» تابۆ بوو. من خۆشم لەگەڵ ئەوەدا سەر بەخێزانێکی خوێندەوارو لیبراڵ بووم، مەگەر بەدەگمەن دەنا گوێم لەو وشەیە نەببوو. دەتوانم بڵێم هیچکات ئەو دەستەواژەیەم لەمیدیاکاندا نەبینیبوو یان نەمبیستبوو کەسێک لەکەسوکارەکانم شتێکی لەبارەوە بڵێن. لەدەیەی 1970 فەرەنسا هێشتا وڵاتێکی زۆر کاسۆلیک بوو، بۆیە کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد باسی ئەو پرسە بکات. تەنانەت ساڵی 1943 دەوڵەت «ویشی»ی ئەو ژنەی کە بەنایاسایی کۆرپەلەی لەباربردبوو بەمەرگ سزا دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە دەیەی ١٩٦٠و ١٩٧٠دا ژمارەیەکی زۆر لەباربردنی نایاسایی لەفەرەنسا ئەنجامدران کە بوونە مایەی کەمئەندامبوون یان مەرگی ژنان.

لەیەکشەممەی یەکەم کە چوومە کۆبوونەوەی ماڵی سیمۆن دی بوڤوار، بڕیارماندا بەیاننامەیەک بنووسینو تێیدا رابگەیەنین کە ئێمە لەباربردنمان کردووە. ئەم بیرۆکەیەمان لە»بەیاننامەی١٤١» وەرگرت کە بەدرێژایی نەبەردی سەربەخۆیی جەزاییر بڵاوکرابووەوە. دەمانزانی دەبێت کەسانی ناودارو جێی رێزو خۆشەویستی خەڵک بدۆزینەوە کە کەمپینەکە واژۆ بکەن. ٣٤٣ ژن، لەنێویاندا هونەرمەندانی بەناوبانگی وەک کاترین دینڤۆو دلفین سێیریگ، واژۆیان کرد. منیش ئەگەرچی هەرگیز لەباربردنم نەکردبوو بەیاننامەکەم واژۆ کرد.

هێشتا بەشە قورسەکەی کارەکە مابوو. کام رۆژنامە بەیاننامەکە چاپ دەکات؟ لۆمۆند بەدڵنیاییەوە ئەم کارە ناکات، چونکە رۆژنامەنوسەکانی لۆمۆند لەکاسۆلیکە هەرە سەرسەختەکان بوونو بەهیچشێوەیەک لایەنگری (مافی دەنگدان) نەبوون. تەنها گۆڤارەکانی ئێکسپرێسو نوڤڵ ئبسترائور ئامادەیی هاوکاریکردنیان هەبوو. سەرەنجام لەگەڵ نوڤڵ ئبسترائور رێککەوتین. هەڵبەتە ئەوان لەراگرتنی ئەو ژمارەیە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ دەترسان، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنیان پێدان کە بەیاننامەکە لەسەر بەرگی گۆڤارەکەیانو بەمانشێتی سەرەکی

سەربەرگ چاپ بکەن.

بۆچوونەکانی ئێمە تەواو دەرچوون. لەرۆژی ٤ی نیسانی ١٩٧١ هەرایەک بەرپابوو نەبێتەوە. بۆ یەکەمجار لەمێژووی فەرەنسا، رادیـۆ، تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان چەندینو چەندین جار دەستەواژەی «لەباربردن»یان بەکارهێنا. بەر لەوەی دەرفەتێکمان بۆ هەڵسەنگاندنی پاشهاتو کاردانەوەی ئەو کارە هەبێت، دەستپێشخەریەکەمان سەرکەوتنێکی گەورەی لێکەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەوانەی بەیاننامەکەیان واژۆ کردبوو رووبەڕووی کێشەو گرفت بوونەوەو کڵێسا دەوڵەت تووڕە بوو. سیمۆن دی بوڤوار کە لە1970 بەدواوە لێدوانەکانی لەبارەی بڕەودان بەئەندیشەو هزری فێمێنیستی سنووردار کردبوو، قبوڵی کرد کە لەگەڵ نوڤڵ ئبسترانوردا چاوپێکەوتن بکاتو پاساو هۆکارەکانی بەیاننامەکە روونبکاتەوە.

لە دوانیوەڕۆی شەممەی ٢٠ی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٧١، ئێمە خۆپیشاندانێکی گەورەمان بەڕێخست، کە هاوکاتبوو لەگەڵ خۆپیشاندانی فێمینیستی بۆ مافی دەنگدان لەسەرتاسەری جیهان. بۆ یەکەمینجار کەسانێک کە ئەندامی گروپەکەمان نەبوون هاتنە ریزەکانمانەوەو میدیاکان گرنگیێکی باشیان پێدابن. سیمۆن دی بوڤوار لەکتێبی لێپرسینەوە ئەمە بە»جەژنێکی شادی برایانە» ناوزەد دەکات.

هەوڵدانی ئێمە بۆ بەیاساییکردنی لەباربردن دەرفەتی ئەوەی پێدابن لەرەوشی ئەو ژنانە بکۆڵینەوە، کە توانای لەباربردنیان نەبوو. زۆربەی ئەو ژنانە، کچۆڵەی ستەملێکراو بوون. هەندێکیان ئەوانە بوون کە لەلایەن باوکان یان مامەکانیان یان خاڵەکانیان یان دۆستانی خێزانەکانیان دەستدرێژیان کرابووە سەر. لەبەرئەوەی هەژاربوون نەیاندەتوانی لەکلینیکێکی گونجاو لەباربردن ئەنجام بدەن. ئەوانەیان یەکسەر لەخوێندنگە دەردەکردنو مافی ئەوەیان نەبوو دوای ئەوەی منداڵەکەیان هێنایە دنیا بگەڕێنەوە بەر خوێندن. بەمشێوەیە لەهەموو مافی درێژەدان بەخوێندن بێبەش دەکران. زۆربەی خێزانەکانیان ناچاریان دەکردن لەماڵ نەمێننو دەریان دەکردن، بەڵام ئەوانە دەیانتوانی بچنە کوێ؟ تەنها شوێنێک کە پەنایان بۆ دەبرد ئەو «ماڵ»انە بوون، کە دەوڵەتی فەرەنسا بۆ دایکانی سەڵت دروستی کردبوون، ئەو ماڵانە شوێنێکی ئەوەندە سارد و سەخت بوون کە وەک تاونبار سەیری ئەو کچۆڵانەیان دەکرد.

ڕۆژێک سیمۆن دی بوڤوار بەیەکێک لەو ماڵانە لە«پلوسی روبنسن»، شارێکی نزیک پاریس، ئێدەپەڕی، لەوێ لەوە ئاگادار بووەوە کە لەو ماڵانەدا کچەکان تەنها فێری بەرگدوری، چنینو چێشتلێنان دەکرێن، ئەوانە لەخەوگایەکی گەورە لەسەر تەختەخەوی بچوک دەخەوێندرێن،لەبەرئەوەی دووگیان بوون خەوتن لەسەر ئەو تەختەخەوە بچوکانە بۆ ئەوان زۆر سەخت بوو. لەڕۆژانی شەممەو تەنها بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بۆیان هەبوو بچنە دەرەوە. دەبوا دوو کەس دووکەس بچنە دوکانەکانی ئەو شارۆچکە بچوکە، چونکە هەر یەکسەر دەناسرانەوە، خەڵکی لەشەقامەکاندا ئازاریان دەدان، گاڵتەیان پێدەکردنو نقورچیان لەسکیان دەدان.

دوای هـەوڵو تێکۆشانێکی ماندونەناسانەو چەندین خۆپیشاندانو دەرگیربوونو بگرەو بەردەیەکی زۆر، سەرەنجام پەرلەمان یاسای دژی لەباربردنی هەڵوەشاندەوەو ئەنجومەنی ئێمە توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنێت.

ئیدی کاتی ئەوەبوو بەپیر کێشەگەلی دیکەی وەک دەستدرێژیکردن، لاقەکردنی کەسانی مەحرەم، هەقدەستی نابەرمبەرو لێدانی ژنانەوە بچین. لەو سەروبەندەبوو، کە سیمۆن دی بوڤوار کۆمەڵەی مافەکانی ژنانی پێکهیناو ئەو دەرفەتەی بۆ ئێمە ڕەخساند بابەت بۆ بڵاوکراوەی «سەردەمی نوێ» کە لەساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ سارتەر دەریدەکرد بنووسین. ئێمە ژمارەیەکی تایبەت بەژنانیشمان ئامادەکرد، کە بەخێرایی فرۆشرا. لەپێشەکی ئەو ژمارەیەدا سیمۆن دی بوڤوار ئامۆژگاری دایە ژنان، کە ئەگەر ڕەوشەکەش باشتر بوو هەستیاریی خۆیان بەرامبەر بە مافی ژنان لەدەست نەدەن.

### ● ماڵئاوایی

لەوکاتە، سیمۆن دی بوڤوار داوای لێکردم بۆ سەردانی هێلینی خوشکی بچمە ئەو گوندەی کە ئەوی لێدەژیاو نزیک ئەستراسبورگ بوو. هێلین لەوی زۆر سەرقاڵی کاروباری بزوتنەوەی ژنان بوو بەسەرۆکی سەنتەری ژنانی ئازاردراو هەڵبژێردرابوو. زۆربەی نیگارەکانی ئەو تایبەت بوون بەپرسی ژنانو نیشاندەری تێڕوانی هاوبەشی ئەو و سیمون بوو. ناوبراو تا تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵی

هەر درێژەی بەنیگارکێشی دا. سیمون لەیەکێک لەدیدارەکانی بەخوشکەکەی گوتبوو «خۆش بەحاڵت کە هێشتاش دەتوانی نیگار بکێشیت. من ئیدی مەیلێک بۆ نووسینی کتێب نەماوە. ئیدی هیوام نەماوە بڵێم نیگارکێش هەمیشە شتێکی بۆ گوتن پێیە».

ئـەودەمـەی کە لە 1970 سـەرم لە سیمۆن دی بوڤوار دا، رەوشی تەندروستی سارتەر رووی لە خراپی بوو. لە١٩٧٤ نزیەکەی تەواو نابینا ببوو، بەئەندازەیەک لاواز بووبو کە ئومێدێکی بۆ تەواوکردنی کتێبەکەی سەبارەت بەفلوبەر نەمابوو. دی بوڤوار لەرەوشێکی ناهەمواردا دەژیا، لەلایەک لەبەر رەوشی تەندروستی سارتەرو لەلایەکی دیکەش بەهۆی ئەوەی کەسانێک لێی نزیک ببونەوە کە ئەو هێندە لەگەڵیاندا هاوڕا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کاتێک کە لەگەڵ ئێمەدا بوایە زۆر پڕ جۆشوخرۆش‌و چالاک دەینواند. دەیزانی کە ئێمە چەنە خۆشمان دەوێت‌و تا چ رادەیەک وەفاداری ئەوین. بەچەشنێک کە ئێمە نموونە زیندوەکەی هەمان ئەو بیروباوەڕە بووین کە ئەو لە رەگەزی دووەمدا بەرجەستەی کردبوو کاریگەریی لەنەوەی دواتری ژنانیش دەکرد.

لە١٩ی نیسانی ١٩٨٦هێلین دی بوڤوارو من چووینە نەخۆشخانە تاکو تەرمی سیمون ببینین. وەک شۆکێک وابوو بۆمان: ئەو کە هەمیشە دژی بوو لە ژیان، بێجووڵە راکشابوو. لەسەرتاسەری دنیا چەپکە گوڵیان بۆ ناردبوون. کاتێک کە لەگەڵ گێلین لەنێو ئەو ماشێنە دانیشتبووین کە تەرمەکی هەڵگرتبوو، هەزاران کەسمان دەبینی ،کە بۆ رێزلێنان سەریان بۆ دادەنەواند. کە گەیشتینە گۆڕستان، دەستمانکرد بەخوێندنەوی ئەو سرودەی کەساڵی ١٩٧٠ بۆ بزوتنەوەەی ژنان نوسیبوومان. سیمون ئەوەندەی ئەو سرودەی پێخۆس بوو، کە پێمانوابوو ئەمە باشترین ماڵئاوییکردنە لەگەڵ ئەودا:

ئێمە، ژنان، کە بێ رابردوین،
ئێمە، ژنان، کە بەدرێژایی رۆژگار مێژوویەکمان نیە،
ئێمە، ژنان، کە نیشتمانێکی تاریکین.
لێگەڕێن ئێمە، کۆیلەکان، رابین.
رابن! رابن!

ئێمه بەهێمنی دەمانخوێند تاکو ئەو لەخەو هەڵنەستێنین، تەنها کاتێک دەنگمان بەرز بووەوە کە تابووتەکەی شۆڕی نێو گۆڕ دەکرایەوە.

سیمۆن دی بوڤوار شنگەلێکی زۆری بەگەنجێتی منو زۆر لەژنانی دیکە بەخشی. ئایا ئێمەش، بزوتنەوەی ژنان، کە لەگەڵ ئەودا کارمان دەکردی درێژە بەرێگای ئەو دەدەین گەنجێتییێکی دووبارە بۆ ئەو دەگەڕێنینەوە؟ ئومێدەوارم.

**سەرچاوە:**

ساینی (افتاب)

## سیمۆن دی بوڤوار، فەیلەسوفی ئازادی ژنان

له فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان

سیمۆن دی بوڤوار فەیلەسوف و نوسەری ناوداری فەرەنسی، سەدو شەش ساڵ لەمەوبەر هاتە دنیاوە، ئەم نوسەرە بە گرنگترین ژنی روناکبیری سەدەی بیستەم لە قەڵەمدراوە، کە نەک تەنها لە بواری فەلسەفەو ئەدەبدا، بەڵکو لە خەباتی کۆمەڵایەتی ژنانیشدا پێگەیەکی بەرزی هەیە.

لە رۆژگارێکدا کە کۆمەڵگە کۆمەڵێک هێڵ و سنوری دیاریکراوی بۆ ژنان دیاریکردبوو، سیمۆن دی بوڤوار یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو ژنانەی کە لە ژیانی خوێندن و چالاکی کۆمەڵایەتیدا هاوتای پیاوان پێشکەوت، نەک بۆئەوەی کە پێناسەیەکی پیاوانە لەخۆی بگرێ، یاخود کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان تێکبشکێنێ، بەڵکو بۆئەوەی پێناسەیەکی سەربەخۆ بداتە بە ژن.

زیاد لە پەنجا ساڵ چالاکی تیۆری و پراکتیکی سیمۆن دی بوڤوار گۆڕا بۆ هاوکاریکردنی ژنان لە دۆزینەوەی پێناسەیەکی سەربەخۆ لە بەرامبەر دنیای پیاوسالاریدا.

### وشیاری و سەربەخۆیی

سیمۆن دی بوڤوار لە رۆژی 9 ژەنیوەری 1908 لە خێزانێکی رۆشنبیر، بەڵام زۆر کۆنە پارێز لە پاریس هاتە دنیاوە، هەر لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە هۆگری کتێب و خوێندنەوە بوو، ئەدەب وەکو قەڵغانێک یارمەتیدا تا لە بەرامبەر فشاری نەریتە زاڵ و باوەکاندا بوەستێتەوە.

لە ساڵی (1925) دەچێتە زانکۆو سەرەتا لە بەشی ماتماتیک ، پاشان لە بەشی فەلسەفە دەخوێنێت و بە پلەی نایاب زانکۆی تەواوکردو هەردوای خوێندنی لە زانکۆ راستەوخۆ بووە مامۆستا، تاوەکو لەڕووی داراییەوە پێویستی بە یارمەتی خێزانەکەی نەبێت، لە بەرهەمەکانی دواتریداو چەندین جار ژنان هاندەدات بۆ گەیشتن بە ئازادی، پێویستە یەکەمجار سەربەخۆیی وەربگرن بەتایبەت لەڕووی

ئابورییەوە، ئاوەکو لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

لە ساڵی (1929) دا لە کۆڕو سیمیناره فەلسەفییەکاندا لەگەڵ ژان پۆل سارتەردا ئاشنایەتی پەیداکردو تا کۆتایی تەمەنی بە یارو یاوەری مایەوە. ئەم دوانە پەیوەندییەکی پتەویان دروستکرد ،کە لەسەر بنەمای وەفاو رێزگرتنی بەرامبەرو سەربەخۆیی دامەزرابوو، کە لە دواتریشدا بوونە دوو سیمای کۆمەڵگەی روناکبیری فەرەنسا لەپاڵ کاری وانەوتنەوەو مامۆستایەتیدا درێژەیان بە پەروەردەو فەلسەفە دا.

لە ساڵی (1931)دا سارتەر پێشنیاری هاوسەرگیری بۆکرد، بەڵام سیمۆن دی بوڤوار بەم بەڵگەیەی کە هاوسەرگیری «بنەمایەکی بۆرژوازی و دەستوەردانی نەشیاوی دەوڵەتە لە ژیانی تایبەتی هاوولاتیان» داواکەی رەتکردەوە.

سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا ،کە فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیرکرا، لە پاریس بوو لە زانکۆی سۆربۆن وانەی دەوتەوە، بەڵام لە ساڵی 1943 دا سەرکێشی ئاشکراو جوامێرانەی ئەو، نازییەکانی والێکرد کە لە کاری وانەوتنەوە دووریبخەنەوە.

بێبەشبوونی لە کاری وانەوتنەوە ، هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین رۆمانی بەناوی «میوان» و لێبڕاویکرد کە وەکو نوسەرێکی پیشەیی درێژە بە کارو ژیان بدات.

لە ساڵی 1945 و ماوەیەک پاش کۆتایی جەنگ رۆمانی «خوێنی ئەوانی تر» بڵاوبوەوە، کە بە بەرهەمێکی سیاسیی ئەژمار دەکرێت، پێویستی ئاکاری بەرگریکردن لە بەرامبەر ستەم و دەستدرێژکاری ناوەڕۆکی سەرەکی رۆمانەکەیە، نیگەرانییەکانی سەردەمانی جەنگ و قەیرانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ئازادانەی تاک لەگەڵ ئایدۆلۆژیاو ململانێ سیاسییەکان لە رۆمانەکەدا رەنگیداوەتەوە، لەسەر بنەمای ئەم رۆمانە (کلود شابرول)ی سینەماکاری فەرەنسی لە ساڵی 1984دا فیلمێکی بەرهەمهێنا کە جودی فاستەر رۆڵی سەرەکی تێداگێڕا.

سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵانی دوای جەنگ لە هاوکارانی بەردەوامی گۆڤاری «لەتان مۆدێرن - سەردەمی نوێ» بوو گۆڤارێکی گرنگ، کە لەلایەن سارتەرەوە دامەزرابوو، جدیترین توێژینەوە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی ئەو

سەردەمەی بڵاودەکردەوە، زۆربەی وتارە ئەدەبی و پەیامە فەلسەفییەکانی سیمۆن دی بوڤوار بۆ یەکەمینجار هەر لەم گۆڤارەوە بڵاوکرانەوە.

ئەو کە لەپاڵ فەیلەسوفانی وەک، سارتەرو میرلۆپۆنتی و ئەلبێر کامۆ لایەنگری ڕێبازی «ئێگزیستانسیالیزم» بوو، لە چەند وتارێکیشدا بۆچوونی خۆی لەبارەی چەمکەکانی وەکو، هەڵبژاردن، پێویستی و بەڵێنی ئاکاری روونکردەوە.

سیمۆن دی بوڤوار روونیدەکاتەوە کە مرۆڤ لە هەموو جۆرە رەوش و دۆخێکدا دەتوانێت ئازادی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام ئەم «هەڵبژاردن»ە بەهایەکی هەیە کە مرۆڤی هۆشیار و هاوچەرخ پێویستە ئامادەی پێدانی بێت، خودی ئەو نمونەی راستەقینەی ئەم روانگەیە بوو، بەردەوام ئازادو سەربەخۆ ژیاو بە بوێری و خۆڕاگری نیشانیدا کە ئامادەیە بەرپرسیاریەتی هەڵبژاردنەکەی خۆی لە ئەستۆ بگرێت.

## هەموو دەمرن

لە ساڵی 1946دا رۆمانی «هەموو دەمرن» بڵاوبوەوە، کە بەهای ئەدەبی ئەوی هێندەی تر بەرزکردەوە، رۆمانەکە لەسەر زەمینەیەکی مێژوویی مەسەلە گشتییەکانی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو.

لە ساڵی 1947دا بۆ یەکەمینجار چوو بۆ ئەمریکاو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ «نیلسۆن ئەلگرین»ی نوسەری ئەمریکایدا دروستکرد، کە ئەم خۆشەویستییە تا چەند ساڵێک بەردەوام بوو.

لە ساڵی 1949دا کتێبی «رەگەزی دووەم» بڵاوبوەوە، سیمۆن دی بوڤوار کە تا ئەوکاتەی پەیوەندی تایبەتی خۆی بۆ دۆزو مەسەلەکانی دەرنەخستبوو، بە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە کە هەراو زەنایەکی گەورەی بەرپاکرد، لەوپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ هێرشیانکردە سەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە خوێنەرێکی زۆری هەبوو، چووە ناو کۆمەڵەوەو تا ئەمڕۆ وەکو گرنگترین بەڵگەی فێمێنیستی ماوەتەوە، هەرچەندە نوسەر کەمێک خۆی بەدوور دەگرت لەم بزوتنەوەیە.

لە ساڵی 1954دا جەنگی جەزائیر بەرپابوو، سیمۆن دی بوڤوار لەپاڵ رۆشنبیرانی چەپی فەرەنسادا لە رەخنەگرە جدییەکانی ئەو شەڕە بوو.

## بڵاوبوونەوەی یاداشتەکان

لە ساڵی 1958دا یەکەمین بەرگ لە یاداشتە چوار بەرگییەکەی بەناونیشانی «یاداشتەکانی کچێکی ئەرکناس» بڵاوکردەوە، سیمۆن دی بوڤوار لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیدا باس لە مناڵیەتی ئاسودەو شادمانی خۆی دەکات لە ئامێزی خێزانەکەیدا کە لە بەرامبەر ئاسودەیی و ئارامیدا مەبەستیەتی تاکێتی ئازادی بچەسپێنێ.

لە بەرگەکانی دواتری کتێبەکەدا کە لە ساڵانی دواتر بڵاوبووەوە، سیمۆن دی بوڤوار باس لە گەشەکردنی فکری و پەیمانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەکات، هەروەها باس لە پێگەو بەرپرسیارێتی خۆی وەکو نوسەرو پەیوەندی لەگەڵ سارتەر دەکات و لە بەرگی چوارەمیشدا بە ساڵانی پڕ رووداوی (1960)ەوە سەرقاڵ دەبێت.

سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵی (1960)دا پەیوەست بوو بە شەڕی بەرگریکردن لە جەمیلە بو پاشای ژنە لاوی جەزائیری ،کە بەهۆی خەباتکردن لە ریزەکانی بەرەی ئازادیخوازی جەزائیر لەلایەن سوپای فەرەنساوە دەستگیرکراو ئەشکەنجە درابوو.

لە ساڵی (1963)دا دایکی کۆچی دوایی کرد، سیمۆن کە بینەری رەنج و ئازارەکانی دایکی بوو لە ساڵانی پیری و نەخۆشیدا، لە پرسەکەیداو بە میهرەبانی و هەستیارییەکی لە رادەبەدەرەوە «مەرگی ئارام»ی نوسی.

لە ساڵی (1967)دا کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاوکردەوە، کە ناوەڕۆکەکەی بریتیبوو لە بەسەرهاتی ئەو ژنانەی لەناو کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا بەرگری لە شوناسی خۆیان دەکەن، لە هەمان ساڵدا پەیوەندیکرد بە دادگای نێودەوڵەتی (راسڵ)ەوە بۆ لێپرسینەوە لەتاوانەکانی جەنگی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام.

لە ساڵی (1970)دا کتێبی گرنگ و جوانی «پیری - بەساڵاچوون»ی بڵاوکردەوە، کە پێکهاتبوو لە تێڕامانە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە دواهەمین قۆناغی ژیانی مرۆڤدا.

لە سەرەتاکانی دەیەی (1970)دا سیمۆن دی بوڤوار، کە تا ئەوکاتە

پەیوەندی راستەوخۆی بە بزوتنەوەی ئازادی ژنانەوە نەبوو، دەستیکرد بە چالاکی نواندن لە بزوتنەوەی بەرگری لە مافەکانی ژناندا، لە ساڵی 1971دا لەپاڵ هەزاران فەرەنسایدا بەڵگەنامەیەکی واژوکرد کە دژی یاسا کۆنەکانی کۆمەڵگە وەستانەوە، هەر بە درێژەدانی خەباتی ئەم بزوتنەوەیە بوو، کە سەرەنجام لە ساڵی (1974) دا «لەبارچوونی ئاوڵەمە» بە یاسایی کرا.

لە ساڵی (1980)دا سارتەر کۆچی دوایی کرد، ماوەیەکی کەم دوای مردنی سارتەر، دی بوڤوار کتێبی «رێورەسمی ماڵئاوایی» وەکو رێزلێنانێک لە هاوڕێ و هاوسەری ژیانی بڵاوکردەوە.

سیمۆن دی بوڤوار لە 1986/4/14 داو لە تەمەنی 78 ساڵیدا لە پاریس کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی مون پارناس لە تەنیشت سارتەر بەخاک سپێردرا، لەدوای مردنی کۆمەڵێکی زۆر لە یاداشت و بیرەوەری و نامە عاشقانەکانی بڵاوبوونەوە.

**بەردی بناغەی بزوتنەوەی ئازادی ژنان**

سیمۆن دی بوڤوار چیرۆک و بەسەرهات و رەخنەو وتاری زۆری نوسیوە، بەڵام ئەمڕۆ زیاد لە هەر شتێ وەکو نوسەری کتێبی «رەگەزی دووەم» بایەخ و ناوبانگی هەیە.

ئەم کتێبەی لەدوای بڵاوبوونەوەی و تا ئەمڕۆش جێگەی لێدوان و مشت و مڕە، بەڵام هەروەکو بەپێزترین کتێب لە توێژینەوەی پێگەی ژنان و بەرهەمێکی سەرەکی و گرنگ لە لێکۆڵینەوەی فێمێنیستی بایەخی خۆی لەدەستنەدا.

پەیامی سەرەکی کتێبەکە رستەیەکە کە لەوانەیە بەناوبانگترین دروشمی بزوتنەوەی فێمێنیزمی بێت «مرۆڤ بە ژنی نایەتە دنیاوە، بەڵکو دەبێتە ژن!».

ئەم روانینە رەگی لەپێشینەی فەلسەفی بیروڕاکانی سیمۆن دی بوڤوار و روانگە ئێگزیستانسیالیزمیەکەیدا هەیە، کە باوەڕی بە سروشتێکی دیاریکراو نییە بۆ مرۆڤ، ژنیش وەکو بوونەوەرێکی مرۆیی ناتوانێ سروشتێکی تایبەتی هەبێت، کە بەگوێرەی بوونی خۆی بە سادەیی خوازیاری کامەرانی و ئازادییە، هەروەها مەیلی هەیە توانا فکری و رۆحییەکانی خۆی شکۆفە بکات و وەڵامی پێویستییە جەستەیی و

دەرونییەکانی خۆی بداتەوە، بەڵام کۆمەڵگە هەموو ئەم توانایانەی لێوەردەگرێتەوەو بوونەوەرێکی پاشکۆ، یان وابەستە دروستدەکات، بۆچی؟

لە خێزاندا باری سەرەکی بەسەر شانی ژنەوەیە، بەڵام پیاو بە سەرۆک و سەرپەرشتیاری خێزان دەناسرێت، کۆمەڵگە وا دەردەخات کە ئەم پێودانگ و بڕیارانە بە قازانجی ژن و گەشەی کۆمەڵگەیە، بەڵام لە راستیدا تەنیا بۆ سەپاندنی کوێخایەتی و سەروەرێتی پیاوانە.

سیمۆن دی بوڤوار بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەکانی خۆی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە تەنانەت لە ئەندێشەی فەلسەفیشدا، ژن پێگەی نزم و نەویتری لە پیاوان هەیە، لە پێناسەی بوون یان خودی مرۆیدا «کە بە هەرحاڵ جێگەی گومانە» هەمیشە بوونی پیاوان مەبەست بووە، تەنانەت لەو جێگایانەی کە باس لە پەیوەندییەکانی ژنیش کراوە، دیسانەوە هەموو شتەکان لە روانگەی پیاوانەوە دەربڕاوە.

سیمۆن دی بوڤوار لەم خاڵە فەلسەفییەوە دەچێتە سەر خستنەڕووی ئەو پرسە بونیادیانەی کە باسەخی سیاسی و کۆمەڵایەتیان هەیە: ژن چییە؟ چۆن پیاو گۆڕا بۆ کرۆکی راستەقینەی کلتورو ژنی خستە پەراوێزەوە؟ ژن لەکوێ و چۆن دابەزی بۆ کەسی پلەدوو گۆڕا بۆ «ئەویتر»؟ سەروەری پیاوان لەکوێ و چۆن بەرجەستەبوو؟ پێکهاتەکانی پیاوسالاری چۆن دەرکەوتن و بۆچی بەم شێوەیە سەخت و پتەون؟ دروستکەرانی ئەم کلتورە کە هەبووە بۆچی بەم جۆرە دروستیکردووە؟ چۆن دەتوانرێت میکانیزمەکانی ستەم لەسەر ژنان بگۆردرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە، سیمۆن دی بوڤوار پرۆژەیەکی گەورەی خستەڕوو کە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی رەوشی ژنە لە سەرجەم رەهەندە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیەوە.

ئەو بۆ لێکۆڵینەوە فراوانەکەی خۆی، کنەو پشکنینی هەموو سوچ و قوژبنەکانی فەرهەنگی مرۆڤایەتی دەکات، پاشماوەی مرۆڤ لە لە تەختی مێژووەوە لە روانگەی زانستی مرۆڤایەتییەوە تا کۆمەڵگەی هاوچەرخ بەدواداچوونی بۆدەکات، لە رەوتی ئەندێشەی مرۆڤایەتیداو لە ئەفسانە کۆنەکانەوە تا ئەدەبیاتی مۆدێرن، هەمیشە جیهانبینی پیاوسالار زاڵبووە، زۆرینەی رەهای پێودانگە کۆمەڵایەتی و دیاردە کلتورییەکان پشکیان هەیە لە ئاراستەکردنی نایەکسانی ژنان و پیاوان، لە رەوتی

مێژوودا ئامادەگی ژن بەشێوەیەکی گشتی لەبەرچاونەگیراوە، پیاوان مێژوویان لە دیدی پیاوان نوسیوەتەوە، لە زۆربەی بەڵگەنامە گرنگەکانی فەرهەنگی، تەنانەت لە نوسینە پێشڕەوەکانی دنیای مۆدێرن رەگێکی دژایەتیکرن و باوەڕنەبوون بە تواناکانی ژن بوونی هەیە.

لە سانی بەرجەستەبوونی فەرهەنگی مرۆڤایەتی و لەگەڵ گەشەکردنی بوارە کۆمەڵایەتییەکانی لەپێشتربوونی پیاوان، پیاو هەڵگرو داهێنەری فەرهەنگەکە بووە «کرۆک»و بابەتی سەرەکی و ژنی گۆڕی بوونەوەرێکی وابەستەو لاوەکی یان «ئەویتر»

«رەگەزی دووەم» ئازایانە کەوتە رەخنەگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و هیچ پیرۆزییەکی بۆ چەمکەکانی وەکو پەیمانی کوێرانە بۆ ژیانی هاوسەرێتی یان وەفاداری یەک لایەنە بۆ هاوسەر، یاخود فیداکاری لە رێگەی خێزان.

کتێبی «رەگەزی دووەم» یەکسانکردنەوەیەکی رادیکاڵ و سازش نەکردن بوو لەگەڵ سەرجەم ئەو باوەڕە پێشداوەرییانەی کە بە درێژایی چەندین سەدە ببوونە باو ئامانجەکەشی ئاراستەکردنی دەسەڵات و سەروەری پیاوان بووە، هەروەها کتێبەکە ئەفسانەی لەپێشتری پیاوانی بۆ هەمیشە پوچەڵکردەوە.

خەباتی ژنان لەپێناوی یەکسانیدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکردبوو، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە تا بەر لە «رەگەزی دووەم» لە بنەمایەکی تیۆری بەهێز بێبەشبوو، ئەم کتێبە بەلانی کەمەوە تا رادەیەکی زۆر ئەم رۆڵەی لە قۆناغێکی گرنگ لە خەباتی ژناندا گێڕا.

سەرجەم پارێزەرانی نەریتەکۆنەکان، هەر لە کەنیسەوە بگرە تا ناوەدە کۆنەپارێزەکان، بوونە دوژمنی کتێبی «رەگەزی دووەم» و هێرشیانکردە سەر نوسەرەکەی، لە ساڵانی دواتر لەگەڵ گەشەکردنی تیۆری فێمێنیستی، کتێبەکە لەلایەن هەندێ لە وتەبێژانی بزوتنەوەی فێمێنیستیشەوە بووە جێگەی رەخنە، بەڵام تەنانەت رەخنەگرانیش پەسەندیانکردووە ،کە هیچ کتێبێک تا ئەم ئاستە بۆ بزوتنەوەی ژنان گرنگ نەبووە، بەهەمان ئەندازەش ژیانی خودی سیمۆن دی بوڤوار بوو کە بە وەفاداری بەرامبەر بە فەلسەفەو ئامانجەکانی، هەمیشە بەو جۆرە ژیا کە خۆی بۆخۆی خواستبوو.

**سەرچاوە:**

www. Iranianuk. com –

## سیمۆن دی بوڤوار: فەیلەسوفێک لەسەرو رەگەزەوە، بوونگەرایەک لەسەرو بوونەوە

نەوزاد جەمال*

### پێشەکی

«بوڤوار» ئەگەرچی لەژیانیدا هەرگیز خۆی بەفەیلەسوف دانەناوەو هەندێکیش پێیانوایە لەبەرئەوەی هاوڕێ و هاوبیری «سارتەر» بووەو زۆربەی کتێبەکانی خوێندوەتەوەو، پێیداچۆتەوە، ئەوا لەڕووی فەلسەفییەوە خۆی هیچی نوێ و گرنگی نەکردووە، تاقسەی لەسەر بکرێ، بەڵام هەندێکیتر بەپێچەوانەوە، دەیانەوێ رۆڵـی فەلسەفیی «بوڤوار» نیشانبدەن بەگەڕانەوە بۆ ئێزەکانی لەبەرهەمەکانیدا، لەرێی خوێندنەوەی تایبەت، مافی تەواوی ئەم بیرمەندە ئافرەتە بدەن. بۆیە لەبواری «فەلسەفەی کۆمەڵایەتی» بەتایبەت لەباسوخواسەکانی «رەوتی فێمێنیزم» دا هەمیشە هەوڵدراوە بەشداری ئەم بیرمەندە نیشانبدرێ. چونکە «بوڤوار» وەک هەندێ نوسەر بۆی دەچن، لاسایکەرەوەو هەر خەریکی جوینەوەی گوتەکانی سارتەر، هیگڵ و مێرلۆپۆنتی و چەند فەیلەسوفێکی تر نەبووە. بەڵکو خۆشی بەسوود وەرگتن لەفەلسەفەی بوونگەرایی، رێبازی «دیاردەناسی» هۆسرێڵ و زۆرێکی تریش بەشداری خۆی هەبووە لەبواری فەلسەفەی رەوشت و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. جگەلەوەی هاوەشێوەی سارتەر هاوڕێی لەبواری ئەدەبیشدا خەریکی نوسینی شانۆ و چیرۆک بووە.

### کاریگەریی سارتەر

بوڤوار وەک قوتابیەکی فەلسەفە لەسەردەستی «مێرلۆپۆنتی»و«کلاود لیڤی شتراوسیش» خوێندویەتی. رەخنەگرانی بوڤوار دەڵێن، رەگوڕیشەی فەلسەفەی سارتەر لە هزری بوڤوار دا بەزەقی رەنگی داوەتەوە، بەتایبەت چەمکی «ئەویتر» کەدەبێتە ژن و ئەو قسە بەناوبانگەی کەهەیەتی کە «کەس بەژنی لەدایک نابێ، بەڵکو دەکرێتە ژن»، سەلمێنەری ئەو رایەن. بەڵام وەک نوسەری شارەزا

«مارگرێت سیمۆن» دەڵێ، لەدۆزینەوەیە یاداشتەکان کەلەساڵی 1927 دا نوسراوە، کاتێ کە بوڤوار قوتابی فەلسەفەبووە لە «سۆربۆن» و دووساڵ پێش ئاشنابونی بە»سارتەر» ئەم گومانە رەخنەگرانە هەڵدەوەشێنێتەوە. لەوێدا بوڤوار ئەوە دوپاتدەکاتەوە کە پابەندە بەخوێندنی فەلسەفە، بەتایبەت کاتێ قسە لەسەر ململانێ و هاوکێشەی خود ئەویتر دەکات. دواجار کەقسە لەسەر تەنگەژەی خۆشەویستی و زاڵبوون دەکات (Margaret A. Simons:2001). سەرەڕای ئەوەش ئەوە دەخاتەڕوو کە کتێبی «رەگەزی دووەم» لەژێر کاریگەری نوسەرێکی ئەفریکی-ئەمریکی «ریچار رایت» دا، نەک سارتەردا نوسیووە. بەتایبەت ئەو نوسەرە کە باس لە ئەزموونی چەوسانەوە و ژێردەستەیی رەشپێستەکانی ئەمریکا دەکات (Margaret A. Simons:2001).

## بۆچوونەکانی لەکتێبی «رەگەزی دووەم» دا

کتێبی رەگـەزی دووەم» کـە شاکارێکی گرنگی بـوڤـوارەو وەک لەناونیشانەکەشیدا دیارە، پەیامێکی راستەوخۆیە کە ئافرەت- ژن وەک رەگەزی دووەم سەیردەکرێ، بۆیە بوڤوار وەک ژنەفەیلەسوفێکی بوونگەرا، هەمیشە لەڕێی ئێزو بۆچوونە فەلسەفییەکانەوە دەربەستی کێشەو پرسی ژنان دەبێ. هەڵبەت ئەو لەسە ردەمانێکدا کە شەستەکانی «پاریس»ی شاری کلتوری و فەرهەنگی و مەڵبەندی نوێخوازی و ئازادپەروەرییە، ویستی لە روانگەی «بوونگەراوە» باس لەبوونی کۆمەڵایەتی ژن بکات. ئەو پێیوایە ئەوەی بەسەر ژندا دێت هەرئەوە نییە کە خۆی قوربانیە، بەڵکو وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بوونە لایەکی جەمسەری دیالکتێکی ژن - پیاو، واتە ئەگەرچی بووەتە قوربانی، بەڵام خۆشی بەشێکە لەکێشەکە، چونکە چۆنە ئەو چێوەوە کەبۆی دیاریکراوە.

کتێبی «رەگـەزی دووەم» کە بەشاکارێکی بوڤوار دادەنـرێ، زۆرینەی بیروهزرە فەلسەفیەکانی لەوێدا خستووەتەڕوو، بەڵام تاماوەیەکی زۆر بەهۆی وەرگێڕانە خراپەکەیەوە لەساڵی (1953) وایکرد خوێنەری زمانی ئینگلیزی یا لەزمانەکانی تردا بەسادە وەریبگرن. سەرەڕای «خراپ»ی وەرگێڕانی بۆ سەر ئینگلیزی کەلەلایەن (1884)-H. M. Parshley-1953) لە (Smith College) کەهیچ شارەزایی لـەواژە فەلسەفییەکان دانەبوو، کاڵوکرچی لەسەر قوڵایی

گریمانەو بۆچوونەکانی بوڤوار کەوت. ئیدی ئەم وەرگێڕانە ناهەقی گەورەی بەتوانای فەلسەفیی بوڤوار کرد، چونکە وەرگێڕەکە لە بواری زیندەوەرزانی دا شارەزای هەبووە، هیچی ئەوتۆی لەفەلسەفە نەزانیوەو سەروپۆتەڵاکی ئێکسنەکەی وێرانکردووە،بۆیە نەیتوانیوە چەمک و تێزەکانی «بوونگەرایی» و دیاردەناسیی هۆسراڵیەکانی بگوێزێتەوە بۆ خۆێنەر.

لەبەرئەوە خوێنەرو رەخنەگرانیش بەهیچ شێویەک نێنەدەگەیشتن بۆ ئەم ژنە لەرووی فەلسەفەییەوە بایەخی هەبێ؟ هەڵبەت تا ساڵی (2010) کە چاپی نوێی وەرگێڕانەکە دەرچوو، جارێکیتریش «بوڤوار»ی هێنایەوە نێو کۆڕی فەلسەفیی و بواری جێندەر و ژنناسی، ئەوجا گرنگی دەرکەوت. کەواتە تێزی سەرەکی بوڤوار ئەوەیە کە ژن لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا «ئەویتر»ە، ئەمەش وەک روونکردنەوەی یا بەکارهێنانی تێزی سارتەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوکۆیی فینۆمینۆلۆجیانەی ژن – پیاو. هاوکات دینامیکیەتی ئاگایی لە خەبات کۆشش دژ بە ئاگایی تر.

### دیاردەناسی ژن: ژن و ئەویتری پیاو

وەک وتمان بوڤوار هەم بە میتۆدی دیاردەناسی-فینۆمینۆلۆجی و هەم بوونگەرایی قسە لە پێگەو چییەتی شوناسی مێینە کردووە. لەبڕگەیەکی کتێبەکەیدا، بوڤوار بۆچوونێکی سەرنجڕاکێش دیاردەناسی هەیە کەدەڵێ: «گریمان ئافرەت ناچالاک و  پاسیڤترە لەپیاو، بەڵام جیاوازیەکی گەوەرە هەیە لەوەدا تۆ بێیت کەسێک پاسیڤ بکەیت و وەک بابەتێکی ناکارا سەیری بکەیت، لەگەڵ ئەوەی کەسێک بۆخۆی پاسیڤە و بابەتێکی ناکارایە ،The Second Sex، book 2 (part 4، ch. 3 (1953)). ئەمەش هەر لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە کەلای بوڤوار ژن-ئافرەت شتێک نییە لەگەڵ لەدایکبوونەوە هەبێ، بەڵکو بونەرێک دەکرێ بەئافرەت-ژن ("One is not born but becomes a woman،- (The .Second Sex، 267

لێرەدا ئافرەتبوون، پێدراوێکی ئۆنتۆلۆژی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە، کەواتە دیاردەناسی ژن لای بوڤوار دەگاتە رەچەڵەکی کێشەکە و بنکۆلی راستییەک دەکات، کە چەوسانەوەو نکوڵی لەئازادی ژن، ناگەڕێتەو بۆ

بنەڕەتێک لەپێش بوونی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەوە «بوونی کومەڵایەتیە» کەبوونی ڕەسەن-دەشارێتەوە. واتە ئازادی ئافرەت زەوت دەکات،بۆیە پرسی ژن-پیاو یا نێر-مێ، ململانێیەکە لەپێناو ئازادبوون دا، بوونێکی ئازادایە. ئەگەرچی، هەرچی چەوسانەوەو زەوتکردنی ئافرەت کە لە نەریت و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، هەمووی فشارو کۆتبەندێکی دەرەکین، بەڵام ناتوانن جێ بەو ئازادییە ئۆنتۆلۆژیەی مرۆڤ لێژکەن کەپێش بوونی کۆمەڵایەتی دەکەوێ.

کەواتە دیالێکتیکی ژن پیاو، پرۆسەیەکی هیگڵیانەیە کەدەچێتە جێی هاوکێشەی ئاغا کۆیلە. لێرەدا بوڤوار بەدیالێکتیکە کاردەکات وەک چۆن کۆیلە و ئاغامان هەیە، ژنیش بۆخۆی شوێنی کۆیلەیە و بۆتە جەمسەرێکی تر نایەکسانی پیاو.هەڵبەت ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە چونکە لەو بۆچوونە باوەو سادەیەی هەندێ لە فێمێنیستەکان هەیانە تێدەپەڕێ. بەتایبەت ئەوبۆچوونەی کە هەمیشە لەڕۆڵ و لێقەوماویی ئافرەت دا دەخولێتەوەو واتیدەگەن بەوجۆرە ڕزگاری دەبێ، لەکاتێکدا بەم گوتارە هێندەی تر ئافرەت بەناخی نائومێدی و زەبوونی قوڵکردنی ڕۆحی کۆییلایەتییدا دەبات.

**بواری ئاکار: پرسی خراپە و چارەی نایەکسانی**

هەڵبەت مەسەلەی نایەکسانی ڕەگەزیی» یەکێکە لەهەرە پرسە گرنگەگانی فێمێنیزم کەلێوەی ڕەخنە لە هزرو فەلسەفەی پیاوسالاری دەگرێ بەدرێژایی مێژوو. دیارە بوڤوار جاریکی تریش هەر بەپشبەستن بە فەلسەفەی هیگڵ، بەتایبەت دیالێکتیکی ئاغا و کۆیلە چۆن نایەکسانی چارەبکەین. بوڤوار پێیوایە هیگڵ سەرکەوتوە لەچارەسەرکردنی کێشەی نایەکسانی ئەو دوانـەدا لەڕێی دادوەریەوە. مەرجی ئەو پرۆسە دادوەریەش برێتییە لەدانپێدانانی دوولایەنە. واتە هەردوولا دان بەماف و ڕۆڵی خۆیاندا لەبەرامبەر یەکتری دا بنێن بەیەکسانی. هاوکات بەپشتبەستن بەتێزی فێنۆمینۆلژیانەی هۆسرێڵ کەچەمکی مەبەستدارییە (intentionally) ، قسە لەسەر بوونی ئافرەت بە بەمەست لەبوون گرێبدانەوە.

شایانی باسە «بوڤوار» لە کتێبی « The Ethics of Ambiguity : Bad Faith، The Appeal، The Artist » کەلەسال (1947) دا بڵاوکردۆتەوە، لەوێدا وەک ئیکزیستێنسالیستێ-بوونگەرایەک کە بەتەنها ڕێگەیەکی دەزانێ بۆئەوەی

باس لەخراپە بکاتْ لەفەلەسەفەدا. ئەو پێیوایە دەبێ ئێمە لەبواری ئاکاریشدا ئەو راستییە بزانیین کە ئازادی مافێکی رەوشتی هەموو بونەوەرێکی مرۆڤە، هاوکاتْ مافێکی دەستْ بۆنەبراویشە، واتە وەک چۆن نابێ ئازادی پێشلبکرێ، ناشکرێ زەوتبکرێ. چونکە ئەگەرچی جیاکارییەک لە نێوان ئازادی لە ناخەوەڕاو لەدەرەوەرا دەکرێ لای بوڤوار، بەڵام تێگەیشتنی دەربارەی ئاگایی وەک کردەیەکی مەبەستدار لەژیاندا بەندە بەئازادیەوە. بوڤوار پێیوایە کە دەکرێ من نامۆبم لە ئازادی خۆم لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام هەرگیز لەناخەوەڕا ناکرێ لێمبستێنرێتەوە. مەبەستْ لەبوونی «من» ئازادییە لەبەرامبەر بوونەکانی تردا کە پیاوە. دیارە لەیەکەم فۆرمی چالاکی ئاگاییی و هۆشمەندیدا، ئازادی خۆی بەرجەستە و بەیاندەکاتْ بۆئەوەی مانای «بوون» بدۆزێتەوە. لە دووەم فۆرمیشدا وەک ئازادی لەهێنانی ماناکان بۆ نێو جیهان دا کاردەکاتْ.

بۆڤورا چالاکی هۆش و ئاگامەندی مرۆڤ وەک شتێکی ناڕۆشن و ناڕوون دەبینێ و پێیوایە ناڕوونی ئێمە لەو رووەوە لەگەڵ بیرۆکەی «شکستْ» دایە لەژیان دا. چونکە هەرگیز ئێمە ناتوانیین بگەین بەمانای تەواوی بوون لە رێگەی پەرۆشی و سۆزەوە لە دەربڕینێکی مەبەستداردا. لەبەرئەوەی هەرگیز سەرناکەوین لەوەداو تائەواو پەردە لەسەر مانای جیهان هەلماڵین. هەرگیز ناتوانین حەزی دەربڕینی ماناکانمان سەبارەتْ بەجیهان تەواو بگەیەنینە ترۆپک و ئەنجامی کۆتایی. بۆیە وێنەی «مرۆڤی ئاکاری»ی، رەوشتیی لای بوڤوار لەلایەنی سۆزەوە دەبزوێنرێ، بەڵام نابێتە مەبەستێکی سەرەکی لەبووندا. ئیدیی جیاوازتر لە حەزی خۆپەرستانە و یاخییانەو شێتانەی ستەمکاری، پەرۆشی و سۆزی رەوشتیی بە بەخشندەیی پێناسەدەکرێ، بەتایبەتْ بەخشندەیی لە ناستی داننان بەجیاوازی لە ئەویتر و بەپێچەوانەوە. هاوکاتْ پاراستنی جیاوازی لەئەویتر، تانەهێڵێ ببێتە بابەتْ و مەبەستْ بۆ ویستْ و خواستی کەسێکی تر کە پیاوە. دیارە جۆرێک لەڕەهەندی فەلسەفی رەوشتی «کانتْ» ی بە بۆچوونەکەی بوڤوارەوە دیارە.

**من و ئەویتر لە فەلسەفەی بوڤوار دا**

پەیوەندی و ململانێی نێوان «من» و «دەوروبــەر»، بۆخۆی جێگەی بێنەوبەردەیەکی فەلسەفیە. پێگەی بوونی «تاکێتی» ئێمە لەنێو هەلومەرجە

کۆمەڵایەتیەکاندا، ڕەهەندێکی بونگەرایی و فینۆمینۆلۆژی تێدایە. کاتێ «سارتەر» باس لە «خود» و «بابەت» وەک هاوکێشەیەک لەمەڕ باسکردنی «بوون» دەکات، ئاوەهاش باس لە»خود و ئەویتر» دەکات کە لە بەرامبەر هاوکێشەیەی سارتەردا کە»بوون»ی بۆ پیاو داناوە و «هیچبوون» یا هیچ (نەبوون) بەرامبەر بە ژن– مێینە داناوە. بەمانایەکی تر، ئەوەی کە هەیە پیاوە، نێرە، ژن کە ئەوێکیترە، بوونی سڕاوەتەوە یا لەسێبەر و هیچ و نەبووندایە. دیارە وەک سۆنیا کروکس (Sonia Kruks) لەوتارێکدا سالی 1995 دەڵێ: «چەقی سەرەکی کتێبی (ڕەگەزی دووەم) ئەوەیە کە هیچ کەسێک بەژنی–ئافرەت لەدایک نابێ، بەڵکو دەبێت بە ئافرەت». دیارە ئەمە گریمانەیەکە دەشێ لێکچوونی لەگەڵ بۆچونەکەی سارتەریش دا هەبێ کە دەڵێ: « بوون لەپێش جەهەرەوە دێ» ‹existence precede essence›. واتە بوونی مرۆڤ ئەوەیە کەهەیەو دەبێ، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی وەک زەروەرتێکی(سروشتێکی) پێشتر پێدراوە (pre–given necessity) و دیاریدەکرێ.

بێگومان، دەشێ لێرەدا بەجۆرێک کاریگەری سارتەر هەبێ (ستانفۆرد ئینسکلۆپیدی 2001). بوڤوار مەبەستی بووە بڵێ، ئەوەی بۆتە جەوهەری ئافرەت، لەراستیدا پێدراوێکی وجودیی نییە، بەڵکو پێدراوێکی کۆمەڵایەتی–سیاسی و کلتورییە، بۆیە رزگارکردنی ئافرەت، واتە سەیرکردنی یا روانین لێی وەک بوونێکی سەربەخۆ لەخۆیدایە نەک جەوهەرێکە، چونکە هەمیشە «بوون» پێش جەوهەر دەکەوێ، جەوهەریش داڕشتەیەکی کلتورییە کە مێینە تێیدا کراوە بەئافرەت. کەوات رزگارکردنی ئافرەت، بەرزگارکردنی بیرو هزری دا تێدەپەڕێ لەگەڵ گۆرینی بیرکردنەوەی پیاوان جاریکی تر. لەلایەکی دیکەوە «بوڤوار» بەشوێنپێ هەڵگرتنی فەلسەفەی «هیگل» زیاتر لەمەڕ هاوکێشەی من – ئەویتر ئەدوێ. بۆ ئەم مەبەستە لەروانگەی وتەیەکی بەناوبانگی «هیگڵ» کە دەڵێ «هەموو ئاگاییەک بەدوای مەرگی ئەویتر دا دەگەڕێ» (Each conscience seeks the death of the other). لێرەدا ژن کە»ئەویتر»ی پیاوە، هەمیشە چەوسانەوەو ژێردەستەیی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پیاو «بوون»ی خۆی وەک «خودێک»ی گەردونی و رەسەن داناوە، هاوکات بوونی خۆی لەنەبوونی ئەودا، ئەویتردا (ژن) هەژمارکردووە. بەمانایەکی دیکە، پیاو بەهێزیی لەلاوازی ژن دا بینیوەتەوە. کەواتە ئاگایی ژن

دەبێ لێرەدا بەدوای مەرگی خود–پیاودا بگەڕێ تاخۆی ئازاد بکات، وەک چۆن پیاو مەرگی ئافرەت بەتەختبوونی کۆسپەکانی خودی خۆی دەزانێ (لێرەدا وشەی مردن بەمانایەکی میتافۆریانەیە). بەڵام چۆن مێینە بتوانێ خۆی لەم ژێردەستییە رزگار بکات؟

ئەگەرچی «ئازادی» رەهەندێکی ئۆنتۆلۆژی و پێشمەرجی بوونی مرۆڤە، بەڵام لەمڕۆوە بوڤوار هەر رەهەندی ئۆنتۆلۆژی ئازادی باس ناکات لەپەیوەندی ژن –پیاو دا، بەڵکو رەهەندی سۆزو خۆشەویستی ژن و پیاویش وەک فاکتەر و رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لەچەوسانەوەی ژن دا، چونکە سۆزوخۆشەویستی وابەستەیی بەرهەمدەهێنێ. هاوکات بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت وادەکات کە بوڤوار جارێکیتر زەبروزەنگ لەخەباتی رزگاری و ئازادی بەتایبەت بیری چەپگەرایی سەردەمی خۆیدا بکاتە پرسیارێ: ئاخۆ چەند توندوتیژی رێگەچارەیەکی رەوابێ؟ ئەمەو چەندین پرسیارێتر کە لەڕوانگەی فەلسەفەی بونگەرایی –فینۆمنۆلۆژیەوە لێکیدەداتەوە.

بەبۆچوونی بوڤوار ئەویتر وەک ئازادێ پارێزراوە و مافی دەستبۆنەبردنی هەیە لەلای هێزی منەوە. ئیدی من هەرچیەکیش بکەم وەک ئاغا و سەروەرێ، کۆیلەکە بڕەتێنم، یا بڕیاری سێدارەم هەبێ کەسێکی بکوژ هەڵبواسم، بەڵام سەرەڕای ئەمە راستیەک هەی نابێ لەبیری بکەم کە ناتوانم سنور و حورمەتی «ئەویتر» پێشێلکەم لەناخەوەڕا، چونکە ئەو وەک کەسێکی ئازاد لەبوون دا ناتوانم دەست بەسەریدا بگرم. ئیدی بەپێی ئەو دابەشکردنە دیکارتیانە کە بۆ «ناخ» و «دەرەوە»، یا «رۆح» و «جەستە» کراوە، لای بوڤواریش ئەوە دەگەیەنێ ،کەهەرگیز «من»ی باڵادەست ناتوانم لەناوجەرگەی دڵی ئازادی «ئەو» بدەم. لێرەوە، بوڤوار گەشەیەک بەچەمکی ئازادی وەک پێدراوێکی ترانسندینس (transcendence) باڵابوو دەدات. ئازادی وەک «بزاوت» و جوڵەیەک لەبەرامبەر داهاتویەکی کراوە و چەند ئەگەرێکی ناسنورداردا دەبینێ. ئیدی بۆئەوەی بیسەلیمنێ کەئێمە ناتوانین لەلایەن رەهەندی زەمەنی «ئێستا» هەنووکەوە سنوردار بکرێین و ئاوەهاش ئازادیمان لەناخەوەڕا زەوتبکرێ.

کەواتە ئەوەی پێیدەوترێ«جەوهەر»، چییەتی ئازادی وەک پێدراوێکی باڵا

و سەروو، یان بان–سروشتی دەخاتە ریزی نادڵنیایی و ریسک لەژیان دا. ئافرەت بۆئەوەی ئازاد بێ، دەبێ ئەم لێکدژیەی لەنێوان ئازادی و نادڵنیایی و ریسک دایە لە بیرنەکات. ناکرێ ئێمە بێخەم ئازاد و سەربەخۆبیین، بەڵکو لەئازادی «ترانسدێنس» دا کە هاوشانە بەنائارامی و بێئۆقرەیی دەرونی و ریسکی ژیان، ئازدای بۆخۆی بارگرانیەکی دەرونییە،بۆیە بوڤوار پێیوایە کاتێ کە «من» خۆم لە جیهانی بەها و مانایەکدا دەبینمەوە، ئەو بەها و مانایەش لەلایەن کەسانی ترەو بەخشراوە بەجیهان، لەبەرئەوە من ئازادم لەوەی رەتیکەمەوە، یا ئەم بەهایانە بگۆرم یان پشتگیریان لێبکەم لەجیهان دا، لەکاتێکدا ئەم بەهایانە لەخۆیاندا مانایان نییە.

ئیدی هەر ئیختیارێ بکەم و هەرچۆن بێ، ناتوانم پشتگیری و پشتیوانی لێبکەم، بەبێ هاوکاری ئەوانی تر. لێرەوە، بەهاکانی من ماڵی خۆیان لەم جیهانەدا دەدۆزنەوە، ئەگەر کەسانیتر پابەندبن پێوەی. تەنها ئەگەر من «ئەوانیتر» قایل بکەم، بۆئەوەی بەهاکانی من ببێتە هی ئەوانیش. دیارە جیاوازی لەنێوان «ئازادی ئیتکی» و «ئازادی ئۆنتۆلۆژی» دا هەیە. ئەوەی بوڤوار نیشانی دەدات، ناسینی ئازادیی خۆمان کەمەرج و پێویستە، بەڵام هەلومەرجێکی تەواو نییە بۆ کردەوە رەفتاری ئاکاریانەی ئێمە، چونکە هەمیشە ئازادی ئەویتر مەرجە بۆ ئازادی «من» . لەبەرئەوە دەبێ ئازادی بەشێوەیەکی گونجاو و دروست بەکاربهێنرێ بۆ هەموو یەکیک بەیەکسانی.

## یەکسانی بەمانەوەی جیاوازیەکان

تایبەتمەندییەکی هزری «بوڤوار» لەچاو فێمێنستەکانی تردا، ئەوەیە ئەو وەک فەیلەسوفێ کە داکۆکی لەمافی یەکسانی ژن و پیاو دەکات، بەهیچ شێوەک لەوبڕوایەوە قسەناکات کە چەمکی یەکسانی هاوواتای «وەک یەکبوون» بێ. واتە ژن وەک پیاوبێ. نەخێر، ئەو باس لەجیاوازیەکان دەکات، بەڵام مافەکان دەبێ یەکسان بن. ئیدی نەک بەو مانایەی ژن وەک پیاوی لێبێ. پێیوایە نایەکسانی، ناعەدالەتی کارێکی ناڕەوشتییە، چونکە جیاوازی رەگەزیی دەکاتە بەهانەیەک بۆ خواردنی مافەکانی ئافرەت، بۆیە شاردنەوەی ئەم راستییەو نێنەگەشێنن لێی، بەکارێکی نافێنۆمینۆلۆژیانە دەزانێ، واتە لەخۆیدا نەناسینی مەبەست و بوونی ئافرەت دەگەیەنی. هاوکات دژ بەو بۆچونەشە کەدەڵێ ژن و

پیاو یەکسان نین، لەبەرئەوەی کە ژن بۆخۆی لاوازە، بۆیە دەڵێ بپرسین گریمانەی لاوازیی مێینە لەچیەوەو لەکوێوەو هاتووە؟ ئاخر پێوەرەکانی بەهێزی چین؟ ئایا مەبەست لەبەهێزی هەبوونی ئەوپەڕی هێزی جەستەییە؟ بەڵام کام جەستە، هی مامناوەندیی مان مەبەستە ئابێتە پێوەرێ؟

کەواتە بیرۆکەی ئەویتری جیاواز لەپیاو بەدەستکارییەوە لە«هیگڵ» ەوە وەرگرتووە. ئەمەش بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە بوونی پیاو و ژن، بوونێکی پێش مێژووییە: واتە پەیوەستییەکی بێوێنە هەیە لەنێوان خودو ئەویتر دا. ئیدی لەبەر پێشبڕکێ و لەو پێناوەدا ژن دەبێ «ئێمە»ی خۆی بدۆزێتەوە لەو پێکەوەبوونەدا. واتە جیاوازە، بەڵام دەبێ خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەویتری پیاودا بدۆزێتەوە. پێویستە ژن لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەروەست و بەخەمی جیهانیشەوە بێت. چونکە ئەو لەمانای لە «بوون خستن» باشتر ئێدەگات بەوپێیەی بەسەرخۆییدا هاتووە. هەروەها دەبێ رێگەیان پێبدرێ رێوشوێنی تایبەت بدۆزنەوە کەبتوانن لێوەی دەروستی خۆیان لەژیان دا جێبخەن. بەواتایەکی تر، دەبێ ئەفسانەی «ژن بوون» لەکاربخرێ و هەڵوەشێنرێتەوە بۆ دواجار لەهزر و سیستمی بیرکردنەوەی پیاوسالارانەدا. هەتا ئەمەش جێبەجێبکرێ و ژنان رزگاربن، دەبێ بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانیش برژێنە پرۆژە و جۆگەی رزگابوونەوەکەوە. ئەگەرچی بوڤوار پێیوایە ئازادی شتێک نییە دەستکاریی بکرێ و لێبدرێ لەخۆییدا، چونکە هێندە لەناو خۆیدا پارێزراو هەڵگیراوە بێئەوەی هیچ کەس بتوانێ بیشێوێنێ، بەڵام خۆلادان لەریسکی پەیوەندی سۆزداری ئەگەرێکی کراوەیە هەمیشە بۆ کۆتوبەندی ژن. هاوکات ئەمە کەبە نیشانەیەکی شکستی رەوشتی دێ لەژیان دا، پارادۆکسێکی رەوشتیشە!

**ژن لەنێوان سۆز-خویشەویستی و چەوسانەوەدا**

سەبارەت بەپرسی جێندەر، کارێکی بوڤوار گرنگی دەرچـوون بووە لەگوتاری باوی فێمێنیزم بە دانانی رێچکەیەکی گرنگ کە دواتر پاش خۆی ژنە فەیلەسوفی وەک«جودیث بەتلەر»یش لەسەرهەمان بۆچوون بەردەوام دەبێ. ئەمیش پێیوایە جێندەر-رەگەز پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک بایۆلۆجی، چونکە بەرئەنجامی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونە لەتافی منداڵی دا. ئێزی گرنگی بوڤوار

لەکتێبی «رەگـەزی دووەم» لەوەدایە کە دەڵی»هیچ چارەنوسێ کە لەلایەنی بایۆلۆژی و دەرونی و ئابوری دەستنیشانی یا پێناسەی روخساری مرۆیی مێینە ناکات، بەڵکو ئەوە شارستاینەتە کەمێینە بەرهەمدەهێنێ«. ئیدی تەنها رێگەیەک بۆ دەربازبوون لەو پێناسەی کراوە یان باشتیر بڵێین سەپێنراوە بەسەر ئافرەت دا، بەبێ هاوکاری ئەویتر نابێ بۆئەوەی لەدارِشتنی «تاک» یا«خود»ێتی ئافرەتدا بەشدار تاکو ئافرەتیش ببێتە «ئەوێ»ک.

شایانی باسە «بەتلەر»یش پێیوایە بۆچوونەکەی بـوڤـوار لێرەدا بوونگەرایانەیە. ئیدی لەروانگەی ئەوەوە «جێندەر» لای بوڤوار بەندە بەبوون -بە، واتە وەرگەڕان بەوەی دەبێ لەکۆمەڵگەدا، نەک بەوەی کە خۆی چییە. هاوکات دەبێتە بابەتی گۆڕان و ئیختیارکردن، چونکە جەندەر پرۆسەیەکی کراوەیە بۆ کارلێک و کردەی کۆمەڵایەتی و ئیختیاری شەخسی تاک. هەر لەم گۆشەنیگاوە، کاتی بوڤوار باس لە بەرپرسیارەتی ئافرەت دەکات لەپێناو بەرگری لەبەرامبەر حەزی وابەستەبوون لەپەیوەندی خۆشەویستیدا بەپیاوەوەو هەڵبژاردنی «ئازادی» و باڵابوون بەسەر سنوورە فیزیکی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگەدا. لێرەوە ئەو سیفەتی ئاگایی دەستنیشان دەکات کە لە «سارتەر»ە وە لەکتێبی «بوون و هیچ» دا باسکراوە ئەویش پرسی ئیختیار و سنوورداری(کاتی) واقیع و جیهان. چونکە دەبێ خۆی بەرپرسیار بێ کە لەکوێی سیستم و کۆتوبەندە کۆمەڵایەتیەکاندابێ.

نابێ لەبیرمان بچێ کە بۆ باسکرنی پرۆسەی «وەرگـەڕان» یان بوون بـە(becoming)، سود لە فەیلەسوفی فەرەنسی «بیرگسۆن» دەبینێ. بەتایبەت لەوەدا کاتێ «برگسۆن» لە ئەرگومێنتێکدا دژ بە میکانیزمی دێترمینیزم -سنوداری و حەتمیەت دا، پێیوایە ئیختیاری ئازاد وەک بونێکی رەمەکی وایە لە کەسێتی یەکێکەوە کە بەراستی پرۆسەی بوون بە- بەشێوەکی لێکدانەبڕاو و نەبچڕاو ئەزمون کردبێ. هاوکات لای کەسێ کە یەکێتی لەگەڵ لەنێوان «بەردەوامی» و «یادەوەری» دا هەبووبێ. لێرەوە رەهەندێکی میتافیزکی لە بوچوونەکەی بوڤوار دایە بەتایبەت لە چوارچێوەی ئەزمونکردنی «ئیختیار»واتە مافی هەڵبژاردن و «ئازادی» دا کەبەشێوەیەکی بیرگسۆنی کاری لەسەرکردووە، بۆیە ئافرەت تاکێکی

ئازاد نییە، بەڵکو ئەندامی چینێکی چەوساوەیە کەوەک کەسێکی نزم سەیرکراوەو لەلایەن ئاین و زانستەوە ئەوە سەپێنراوە،هەروەها بەهۆی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و دەرونیەوە وابەستی پیاو بووە. لێرەوە سنوردار و بێبەش کراوە لە چالاکی سیاسی و ئابوری داو خزێنراوەتە چوارچێوەی یاسا و پەیمانی کۆمەڵایەتی.

## Chronology کرۆنۆلۆجیای ژیانی بوڤوار

1908 –01– 9 لەپاریس، فەرەنسا لەدایکبووە

1925 بڕوانامەی بەکالۆریای لە فەلسەفە و ماتماتیکدا

1927 دەرچوون لەتاقیکردنەوەی برومەی فەلسەفە

1927–1928 مامۆستای یاریدەدەری فەلسەفە لە پەیمانگای سانت ماری

1928 تەواوکردنی بڕوانامە لەبواری ئەدەب لە سۆربۆن

1929 بەیەکگەیشتن لەگەڵ سارتەر

1929 وەرگرتنی بروانامەی فەلسەفە –سۆربۆن. بەمەش یەکەمیین گەنجە کە ئەو تاقیکردنەوەی بڕی بێت.

1931 سارتەر پیشنیاری هاوسەرگیری دەکات و ئەویش رەتیدەکاتەوە.

1943 لە وانە وتنەوە دەردەکرێ.

1944 –7 لەگەڵ سارتەر لە پاریس هەلدێ.

1944– 8––11دەگەڕێنەوە بۆ پاریش لەکاتی رزگارکردندا.

1945 هاوکاری دامەزراندن گۆڤاری Les Temps Modernes و تامردنی لەویدا بەردەوام دەبێت.

1971 واژۆی ماڤیستی فێمنیستەکان سەبارەت بەمافی لەباربردن دەکات

1974 هەڵدەبژێرێ بەسەرۆکی ئەنجومەنی مافی ژنان

1980– 4–– 15 ژان پۆل سارتەر دەمرێ.

1984 لەزنجیرەی فەلسەفیدا نمایشدەکرێThe Second Sex کتێبی

1986 4–– 14 کۆچی دوای

**سەرچاوەکان:**

1. Margaret A. Simons: Is The Second Sex Beauvoir›s Application (use) of Sartrean Existentialism? Southern IllinoisUniversity at Edwardsville

2. Stanford encyclopedia: Simone de Beauvoir: First published Tue Aug 17، 2004; substantive revision Mon Aug 16، 2010

3. Simone de Beauvoir، at the Philosophy pages، maintained by Garth Kemmerling

## سیمون دی بوڤوار...
## ئەو ئافرەتەی دەربارەی سایکۆلۆژییەتی ئافرەت دەدوێت

عبدالباقی یوسف

لەعەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەمە

سیمون دی بوڤوار لەرێگای هەموو ئەو کارە فیکری و ئەدەبیانەی کە نوسیویەتی ،هەوڵی ئەوە دەدات سایکۆلۆژییەتی ئافرەت پیشانی دونیای پیاوان بدات، لەلایەکی دیکەشەوە ئامادەیی پیاوان لەجیهانی ئافرەتاندا دەخاتە روو، لێرەشەوەیە نوسینەکانی (بوڤوار) بوونەتە جێگای لیکۆڵینەوەو مشتومڕ کە وەهایکردووە ئەم ژنە ئامادەییەکی فیکری و ئەدەبی هەبێت.

بوڤوار ساڵی 1908 لەپاریس لەخێزانێکی دەوڵەمەند و باوکێکی پارێزەر کە سامانەکەی لەجەنگی جیهانی دووەمدا دۆڕاندووە لەدایک دەبێت، دایکی دەیویست بوڤوارو خوشکەکەی پەروەردەیەکی کاسۆلیکانەی توندبکات، بەڵام بوڤوار ئەم پەروەردەیەی رەتکردەوەو لەزانکۆی (ئاکۆن نۆرمان سوپرایەر)ی فەرەنسی درێژەی بەخوێندنەکەی خۆی داو لەساڵانی 1931 تا 1943 لەزانکۆی سۆربۆن بوو بە مامۆستا.

### هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە

بوڤوار حەزی لەجیهانی ئەدەب و رۆشنبیری و فەلسەفەبوو، زوو زوو سەردانی ئەو شوێنانەی دەکرد، کە ناوداران و کەسایەتیە فیکری و ئەدەبیەکانی تیادا دەبینی، هەر لەو شوێنانەدا هاوڕێی ژیانی و هاوڕێی بیرکردنەوەکانی (ژان پۆل سارتەر)ی ناسی کە وەک خۆی دەڵێت» ئەوە گەورەترین رووداوی سەرەکی بووە لەژیانیدا».

لەساڵی 1943 یەکەم رۆمانی خۆی بەناوی (المدعوە) نوسی، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە، بەڵام ناوبانگە راستەقینەکەی ئەو کاتە دەرکەوت، کە بۆچونە بوێرەکانی دەربارەی پەیوەندی نێوان ئافرەتان و پیاوان خستە روو، لەو بۆچونانەش: ئافرەت بە ئافرەتی لەدایک نابێت، بەڵکو

دواتر وەهای لێ دێت!.

نوسەر بە نوسینی کتێبە بەناوبانگەکەی (رەگەزەکەی دیکە 1949) مشتومڕێکی رۆشنبیری لەناوەندە زانستی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی جیهاندا دروستکرد، لەو بیروبۆچوونانەش کە ئەمە نوسەرە دەیانخاتە روو:

هیچ قەدەرێکی بایۆلۆژی یان دەروونی یان ئابووریلەکۆمەڵگەدا بڕیار لەسەر شێوازی ئافرەت ناداتً، بەڵکو ئەوە شارستانیەتە بەگشتی کە ئەو مەخلوقەی لێ دروستدەکات کە پێیدەڵێن ئافرەت.

سیمۆن دەڵێت: «بەهۆی فەسڵی دایکایەتی لەکتێبەکەمدا هێرشی تایبەتیم کرایە سەر، زۆرێک لەپیاوەکان رایانگەیاند من مافی ئەوەم نیە دەربارەی ئافرەت قسە بکەم، چونکە خۆم نەمتوانیوە منالم ببێت، سەیرە، ئایا ئەوان منالیان بووە؟ ئەوان دژایەتیم دەکەن بەو بیرۆکانەی کە یەکلاییکەرەوەو قەتعی نین، ئایا وەها دەمبینن کە هەموو بەهاکانی سۆزی دایکایەتی و خۆشەویستیم رەتکردوەتەوە؟ نەخێر، بەڵکو داوام لە ئافرەتان کردووە کە لەگەڵ ئەو دوو بەهایەدا بەشێوازێکی ئازاد بژین، لە کاتێکدا زۆربەی جار وەک بیانوییەک بەکاریدەهێنن و دەکەونە ژێر رکێفی ئەو دوو چەمکەوە بەرێژەیەک ئەو دوو چەمکە دڵ دەهێنێنە ئێش».

هەروەها دەڵێت: «یەکێکی دیکە لەو هەڵە تێگەیشتنانەی کە لەم کتێبە وەرگیراوە ئەو بڕوایەیە کە من هەبوونی هەموو جیاوازییەکم لەنێوان پیاوان وئافرەتاندا رەتکردوەتەوە، لەراستیدا من بەپێچەوانەی ئەو بڕوایەوە پیاوان و ئافرەتانم لەیەک جیانەکردوەتەوەو، کتێبێکم نوسیوە کە هەر بەناونیشانەکەی هەردوو رەگەزەکەم لەیەکتر جیاکردوەتەوە، بەڵام ئەوەی من پێیگەشتوم ئەوەیە ئەم جیاوازییانە رۆشنبیریین نەوەک سروشتی، من ئەو ئەرکەشم لە ئەستۆ گرتووە کە چۆنیەتی دروستبونی ئەو جیاوازییانە بگێڕمەوە.

کارەکانی ئەم نوسەرە ژنە بەردەوامی هەبوو، ژیاننامەکەشی بە چوار بەش بڵاوکرایەوە:

(مذکرات فتاە الرصیف 1958)، (عنفوان الشباب 1960)، قوە الاشیاء1963) ، (موت المریح جدا 1966)، ئەم ژیاننامەیە بە مێژوویەکی راستەقینە و جەریئانەی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی فیکری فەرەنسا دادەنرێت.

## کەسایەتیەکی قورس

بوڤوار هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەوە روونبکاتەوە ،کە ئافرەت دەتوانێت شانبەشانی پیاو کاری قورس ئەنجامبدات، هەروەها دەتوانێت سەدەیەکی تەواو بەشان هەڵبگرێت، چونکە ئەو نوێنەرایەتی ئەو سەدەیە دەکات کە تیایدا ژیاوەو تیایدا دەژی.

دەتوانرێت سەدان ئافرەت، بەڵکو هەزاران ئافرەت، لە ئافرەتێکدا کورتبکرێتەوە، چونکە ئافرەت نمونەی عەبقەرییەت و شەفافیەت و هوشیارییەو بەشدارییەکی تەواوەتی دەکات لەچالاکییە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییەکاندا.

لەمجۆرەی ئافرەت کە بەدرێژایی سەردەم و زەمانەکان زۆر بەدەگمەن دەردەکەوێت، تەنانەت ئەگەر ئامادەیشی هەبێت، ڕێگای دەرکەوتنی پێنادرێت، هەربۆیە یان بەپاڵەوانێکی نادیار، یاخود بەپاڵەوانێکی پەراوێزخراو دەمێنێتەوە.

هەر بۆیە بوڤواردا وا دەکات ئافرەت هەوڵبدات تاوەکو خۆی لەو پەراوێزخستنە رزگاربکات و ئامادەیی هەبێت.

بۆچونەکانی نوسەر بەرۆشتنە ناو تەمەنەوە زیاتر گەشەیانکرد، بۆیە زیاتر پەیوەستبوو بەسارتەرو خۆشەویستیەکەیەوە، لەهەمانکاتیشدا پیریەتیەکەی نیگەرانی دەکرد، هەربۆیە ساڵی 1970 کتێبی( ژنە پیرەکە)ی نوسی کە تیایدا دەڵێت:

هەق وایە پیرییەتی نەوەک مردن بەرامبەر بە ژیان بەراوردبکەین ، پیرییەتی کۆپییەکی گاڵتەئامێزی ژیانە، لەکاتێکدا ئەوە مردنە کە ژیان دەکاتە چارەنوس.

لەرۆمانی (المدعوه)دا دەنوسێت:» زەوی بە وەهمە تێکشکاوەکان چێنراوە، ئەو تێکشکانەی ژیانە تایبەتیەکەمی بێزارکردووە ئەم رۆمانەی دروستکردووە».

دەتوانرێت (سیمون دی بوڤوار) بەیەکێک لەوانە دابنرێت کە رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەچەسپاندنی چەمکە شارستانیە تازەکان، لەبنیاتنانی کۆمەڵگەی فەرەنسی هاوچەرخدا، هەروەها وەهایکردووە کە ئافرەت زیاتر پایەی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت و دان بەتواناکانیدا بنرێت و جیاواز سەیربکرێت.

ئەوەی گومانی تیادانیە ئەوەیە (بوڤوار) بەهۆی نوسینەکانیەوە دەربارەی

تایبەتمەندێتی ئافرەت ، بەفەرەنسی و بەهەموو زمانە زیندووەکانی دونیا دەخوێندرێتەوە .

دەربارەی رۆمانی (رۆشنبیران) بوڤوار دەنوسێ: بەپێچەوانەی ئەوانەی بە هەڵە رۆمانی (رۆشنبیران) بەرۆمانی کلیلەکان ناو دەبـەن، من رقم لەو رۆمانانەیە وەک کلیلێک وەهابێت، من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە (رۆشنبیر) خاوەن فیکرەیەکی دیاریکراو بێت، چونکە رۆمانی خاوەن فیکرەیەکی دیاریکراو حەقیقەتێکی دیاریکراو دەسەپێنێت، کە هەموو حەقیقەتەکانی دیکە دەسڕێتەوەو بازنەی نارازیبون و گومانە تەواونەبووەکان تێکدەشکێنێ.

بەڵام من لێرەدا چەندین جۆرە ژیانی دوای جەنگم خستوەتە روو، بێ ئەوەی پێشنیاری چارەسەر بخەمە روو بۆ ئەو کێشانەی کە پاڵەوانەکانم نیگەران دەکەن.

لەبارەی رۆمانی (خوێنی ئەوانی دی) بوڤوار دەنوسێت: «بابەتی خوێنی ئەوانی دی وەک باسمکردووە دژییەکیەکی ئەو ژیانەیە کە لەسایەی ئازادیدا تیادا ژیاوم، ئەوانەی کە نزیکبون لێمەوە بەشێکی سادە تەماشایانکردووە».

بەڵام مەبەستەکانی من خەڵکی بەچاکی پێیاننەگەشتووە، هەندێک رۆمانەکەیان بە رۆمانی بەرگری تەماشاکردووە، هەندێکی دیکەش وەک رۆمانێکی وجودی، ئەم وشەی دواییان هاوشانی کارەکانی من وسارتەر بەشێوەیەکی ئالی رۆشتووە.

## لەنێوان بوڤوار و سارتەردا

بوڤوار رۆشتە زانکۆی سۆربۆن و گەنجێکی ناسی کە تا دواین ساتەکانی ژیانی کاریانکردوو لەیەکتری جیانەبوونەوە.

ئەم تەمەنی بیست ویەک ساڵان و گەنجەکەش تەمەنی بیست و چوار ساڵان بوو، هەردووکیان پێکەوە فەلسەفەیان دەخوێندو هەوڵیاندەدا لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا بوارێکی تازە لەبیرکردنەوەدا بدۆزنەوە.

لێرەدا حـەزدەکـەم ئـەوە بڵێم ئـەوەی سارتەرو بوڤواری بەیەکەوە کۆدەکردەوە لەفیکر، بەهێزتربوو تا عاتیفە، تەنانەت عاتیفەکەش هەڵقوڵاوی

پەیوەندییە فیکرییەکانی نێوانیانە، چونکە بوڤوار تا دواین سنور سەرسامبوو بە فیکری سارتەر، هەر لەسەرەتاشەوە سارتەر توانی کەسایەتی خۆی بەسەر بوڤواردا بسەپێنێت، ئەم نوسەرە ئافرەتە یەکەمین ساتی بینینی سارتەر ئاوا دەگێڕێتەوە: «ئەوە یەکەمین جاربوو چاوم بکەوێت بە مرۆڤێک کە لەبەرامبەریدا هەست بە سەرگەردانی بکەم».

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو بەسارتەرو بزوتنەوەی بەرگرییەوە، بەڵام هەرگیز رێگای نەدا لەبەرامبەر سارتەردا تایبەتمەندێتی و کەسایەتی خۆی لەدەستبدات، سەرەڕای هەموو سەرسامی و پەیوەستبونە فیکری و رۆحییەکانی پێوەی.

بوڤوار خۆی خاوەنی ناوبانگێکی ئەدەبی گەورەبوو ، تەنانەت بەر لە 10 ساڵ پێش ئەوەی سارتەر خەڵاتەکە بباتەوە، ئەم بەهۆی رۆمانی (پیاوانی فیکر) ساڵی 1954 بەرزترین خەڵاتی فەرەنسای وەرگرت کە ئەویش خەڵاتی (کۆنکۆر)ە.

ساڵی 1958 وەک سەرۆکی رابیتەی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەڵبژێردرا.

بوڤوار دەربارەی پەیوەندی خۆی بە سارتەرەوە دەنوسێت: «لەراستیدا من هێندەی ئەوەی پەیوەستبووم بە سارتەرەوە هێندەی ئەوەش دووربووم لێیەوە، پەیوەندییەکانی ئێمە جەدەلی بوو، هەندێکجار هەستمدەکرد لەدوورییەکی نامەعقولەوە بووم لێیەوە، هەندێکجاریش وام هەستدەکرد من نیوەکەی دیکە ئەوم، من بە ئەوم دەبەخشی و ئەویش بەمن، بەدڵنیاییەوە من شوێنکەوتوی ئەو نەبووم.

سارتەرش لەلایەن خۆیەوە بە (سیمون دی بوڤوار)ی دەوت ،ئەو زیرەکی پیاوو هەستیاری ئافرەتی لەخۆیدا کۆکردبویەوە.

بوڤوار تا کۆتایی تەمەنی سارتەر لەگەڵیدا مایەوەو چاودێریکرد، تاوەکو سارتەر لەساڵی 1980دا کۆچی دوایی کرد.

بوڤوار بڕیاری دا لەو باڵەخانەیەدا نیشتەجێ ببێت کە دەیڕوانی بەسەر ئەو گۆڕستانەی کە سارتەری تیادا نێژرابوو، وەسیەتیشی کردبوو هەر لەو گۆڕستانەدا بنێژرێت.

وەک چۆن سەرەتای ژیانی لەگەڵ سارتەردا دەستپێکرد، بڕیاریشدا کۆتاییەکەی بە کتێبێک لەسەر سارتەر کۆتایی پێبهێنێت، هەربۆیە کتێبی (ماڵئاوایی سارتەر)ی لەساڵی 1981 دا نوسی کە چەندین نهێنی لەسەر ژیانی سارتەر تیادابوو کە پێشتر نەزانراوبوو، وەک خۆی دەڵێ ئەمە دواین دیارییە کە پێشکەشی پیاوێکی دەکات هەموو ژیانی لەگەڵیدا بەسەر بردبوو.

بوڤوار دەربارەی کتێبی (ماڵئاوایی سارتەر) دەنوسێت: «ئەو پیاوێکی راستەقینەی وەهابوو کە دەیزانی چۆن بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێت و چۆنیش پێوەی پەیوەست بێت ، کاتێک ئەم کتێبەم دەنوسی دڵنیابووم لەوەی ئەمە باشترین شتێکە پێشکەشی پیاوێکی بکەم، کە تاوەکو ئێستاش زیندووە، ئەو لایەنەی ژیانی سارتەرم ئاشکراکردووە کە خەڵک دەیەوێت ئاگاداری بێت، فەلسەفەی سارتەر گوزارشتێکی ئیمپراتۆرییانە نیە لە بۆچونێک کە لەویژدانی کەسێکدا ئامادەیی هەبێت، بەڵکو رۆشتنە ناو ناخی خەڵکەوەیە.

لەم کتێبەدا هەوڵمداوە هەندێک لایەنی نەناسراو لەژیانی ئەودا بخەمە روو بۆ ئەوەی بلیمەتییەکانی عەقڵی ئەو فەیلەسوفە بە دەربخەم.

هەربەتەنها خوێندنەوەی سارتەر بەس نیە بۆ ئاشنابوون بە سارتەر، بەڵکو دەبێت نوسراوەکانی بوڤواریش بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی باشتر لەسارتەر تێبگەین، هەروەک چۆن پێویستمان بە خوێندنەوەی سارتەریشە، بۆ ئەوەی لە بوڤوار تێبگەین، تەنانەت ئەوە شتێکی زۆر قورسە ئەگەر بێتو باس لەیەکێکیان بکەین، بێ ئەوەی باسی ئەوەکەی دیکەیان بکەین، بوڤوار شوێن پەنجەی ژنێکی بەجێهێشت کە زۆر ژیا و زۆری نوسی و زۆریش جیاوازبوو.

*مامۆستا لەبەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین

**سەرچاوە:**

عبدالباقی یوسف، سیمون دی بوفوار، الکتابە الـذی تحدثت عن سیکولوجیە المراە، تشرین اونلاین

## گفتوگۆیەکی هەڵبژاردە لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤوار

لە فارسییەوە: کارزان محەمەد

سیمۆن دی بۆڤوار لە (9ی کانوونی یەکەمی 1908ز) لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە خێزانێکی بـۆرژوا لەدایک بـووە، بەڵام لەسەرەتای گەنجییەوە ،یەکێک بووە لە لایەنگرانی هزری فێمێنیزم، لەدوای پەیوەندییەکی توندوتۆڵی خۆشەویستیانە لەگەڵ ژان پۆڵ سارتەردا، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بوونگەرایی سارتەریشەوە.

گرنگترین بەرهەمەکانی دیبۆڤوار بریتین لە (یاداشتەکان کە 4 بەرگە، رەگەزەکەیتر 2 بەرگ، خوێنی ئەوانی دیکە، میوان، یاداشتەکانی کچێکی ملکەچ، دیمەنە جوانەکان، مەرگێکی زۆر ئارام، مەراسیمی ماڵئاوایی...)، دواجار لە نیسانی (1986ز) دوای جێهێشتنی خەرمانێک لە نوسینی تایبەت بە بزووتنەوەی ژنان و هزری مرۆڤگەرایی، بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا. ئەمەش دیالۆگێکە لەگەڵ ناوبراودا.

***

*** لەم حەوت ساڵەی رابردوودا، سەرقاڵی نوسینی یاداشتەکانت بوویت، لە پەرتوکەکەتدا بەردەوام بیر لە کار و خوێندنی خۆت دەکەیتەوە. ئەو کاریگەریەی من لە پەرتووکەکانتەوە وەرمگرت، ئەمەیە کە ئەو ساتەی بڕوای مەزهەبیتان لەدەست دا، دەستت بەکاری نوسین کرد.**

– بەبێ پێشەکییەکی هەڵخەڵەتێنەرانە دەڵێم تاوتوێکردنی ڕابردووی کەسێک هەروا ئاسان نییە. پەیوەندی من بە نوسینەوە پەیوەستە بە بەر لەم شتانە. لە هەشت ساڵیدا چیرۆکم دەنووسی، هەروەک چۆن زۆرینەی منداڵان دەنووسن. ئەمە بەڵگەی توانستی نوسین نییە، رەنگە هەبێ بڵێت کە لەبەرئەوەی بڕوا مەزهەبییەکەم لەدەستداوە، پێشوازیم لە خولیای نوسین کردووە. وێڕای ئەمانەش ئەو پەرتوکانەم دەخوێندەوە ،کە لە ناخەوە منی ڕادەچڵەکاند. وەک (ئاشێ لە کەناری رووباری فلۆس the mill on the floss)دا، بەتەواوەتی ئارەزووی ئەوەم دەکرد وەک جۆرج ئۆلیوت بم، کەسێ بم کە پەرتوکەکانی بخوێنرێنەوە، یاخود

ئەو کەسەی پەرتوکەکانی دەبنەمایەی هەژاندنی خوێنەر.

* **ئەدەبیاتی ئینگلیزی کاریگەری لەسەر تۆ داناوە؟**

– له منداڵییەوه هۆگری خوێندنەوەی زمانی ئینگلیزی بووم. ئەدەبیاتی منداڵان له زمانی ئینگلیزیدا زۆر له زمانی فەرەنسی زێدەترە. من عەشقی (ئەلیس له نیشتیمانی سەرسوڕهێنەرەکان) دام، (پیتەر پین) و تەنانەت (رۆزامۆند لیمان) ی چیرۆکەکه بووم.

* ئەدی وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە؟

– بەڵێ، من شەیدای ئەو پەرتوکه بووم، لەکاتێکدا تائەندازەیەکیش کۆنه. کیژۆڵەیەک له نەوەی قۆناغی مندا، ئەم چەشنه پەرتوکانەی دەپەرست. هەر کچێک خۆی لەنێو بەرگی (جودی) دا دەبینی. پەرتوکێکی تا ئەندازەیەک هۆشمەندانه و تەنانەت زیرەکانەشه، بەڵام خولیای ژیانی ئەکادیمیانەی بەریتانیام هەبوو، لەگەڵ خێزانەکەمدا دەژیام و ژووری تایبەت بەخۆم نەبوو. له راستیشدا هیچ شتێکم نەبوو، کەواته بەم حاڵەوه ناشێ بڵێم چانسم لەبەردەمدا بووە. لەو پەرتوکەدا، رێگا به ژیانی تایبەت درابوو که به بۆچوونی من، بەشکۆ بوو. نوسەر سەرجەم خەیاڵه جوانەکانی کیژۆڵەکانی دەناسی: کوڕی قەدوباڵا جوان به ڕووخسارێکی هێدی و هێمنەوه و لەم جۆره چەشنانه. هەڵبەته دواتر برۆنته و ڤێرجینا وۆڵف خوێندەوە: زۆر حەزم لەم شەپۆلانه نەدەکرد، بەڵام له شەیدایانی پەرتوکەکەی ئەوم دەربارەی (ئەلیزابێت بارت برانینگ).

* **ئەدی یاداشتەکانی رۆژانەی؟**

– نەخێر، حەزم لێی نییه. ئەدەبیاتی زۆر نوسیوه و سەرنجڕاکێشه، بەڵام بەلای منەوه نامۆیه.

وۆڵف زۆر نیگەرانی چاپکردنی پەرتوکەکانی و قسەکانی خەڵک بوو. من زۆر حەزم لێدەکرد. لەم پەرتوکەدا دەربارەی پێگەی ژنان دەدوێ، وتارێکی کورته، بەڵام بەتەواوەتی نیشانەکەی پێکاوه. زۆر بەباشی ئەوه شی دەکاتەوه که بۆچی ژنان ناتوانن بنوسن. ڤێرجینا وۆڵف له هەموو نوسەره ژنەکانی دیکه پتر بەلامەوه سەرنجڕاکێشه. تائێستا ئەو وێنانەی دیتومانه، رووخساری بەچەشنێکی سەرسوڕهێنەرانەیه.. . وۆڵف زیاتر بەلامەوه سەرنجڕاکێشه وەک له (کۆڵته)،

لەکاتێکدا کۆڵنە، زۆر چوەتە نێو وردەکاریی مەسەلەکانی وەک عەشق، ماڵداری، پاکژی و گیانلەبەرانەوە. بابەتەکانی ڤێرجینا وۆڵف زۆر بەرفراوانن.

*** کتێبە وەرگێڕدراوەکانی دەخوێنیتەوە؟**

– نەخێر، ئینگلیزیەکەیم دەخوێندەوە. خوێندنەوەم بە ئینگلیزی باشترە بەبەراورد لە قسە پێکردنی.

*** بۆچوونتان دەربارەی خوێندنی کۆلیژ و زانکۆ چییە بۆ نوسەرێک؟ تۆ لە خوێندکارە نایابەکانی زانکۆی سۆربۆن بوویت و هەمووان چاوەنۆڕی ئەوەیان دەکرد کارێکی ئاست بەرز لە وانەبێژیدا پەیدا بکەیت**

– خوێندن زانیارییەکی ڕواڵەتیانەی لەسەر فەلسەفە بەمن بەخشی، بەڵام ئینتیمام بۆ فەلسەفە پەیدا کرد. مامۆستایی بەلای منەوە زۆر سودمەند بوو، واتا کاتێکی زۆرم بۆ خوێندنەوە، نوسین و وانەخوێندن تەرخاندەکرد. لەو سەروەختەدا مامۆستاکان بەرنامەیەکی زۆر گرانیان نەبوو.

خوێندن بناغەکەی منی پتەوتر کرد، چونکە بۆ دەرچوونم لە تاقیکردنەوەدا، دەبوایە ئەو مەیدانانە بدۆزمەوە کە لە چوارچێوەی بابەتی وانەکاندا نین. ئەو مێتۆدە ئەکادیمیانەی فێریان بووم بەتایبەت بۆ نوسینی پەرتوکی (ڕەگەزەکەیتر)، بەکەڵکم هات و بۆ گشت لێکۆڵینەوەکانی دیکەم سودمەند بوو. واتا بۆ ئەوەی بەخێرایی بنۆڕیتە پەرتوکەکان، پۆلێنبەندیان بکەی، ئەوەش ببینی کە کام بەرهەم گرنگە و بتوانی ئەو بەرهەمانەی گرنگ نین وەلایان بنێی، بتوانی لە بەرهەمەکان بنۆڕی و پوختەیان بکەی.

*** مامۆستایەکی باش بوویت؟.**

– پێموانییە، چونکە تەنها خوێندکارە زیرەکەکانم خۆش دەویست و هەرگیز بایەخم بە ئەوانی دیکە نەدەدا، لەکاتێکدا مامۆستای باش دەبێ هەموو خوێندکارەکانی خۆش بوێ، بەڵام ئەمە کەڵکی بۆ وانەوتنەوەی فەلسەفی نییە. هەمیشە چوار تا پێنج خوێندکار هەن لە مشتومڕدا بەشداری دەکەن و ئەوانی دیکە هەر لە بنەڕەتەوە بەلایانەوە وانەیەکی جیاواز نییە، منیش خۆم زۆر لەپێناو ئەوانەدا ماندوو نەدەکرد.

*** تۆ تا تەمەنی (35) ساڵی، ماوەی (10) ساڵ بوو دەتنوسی بەبێ ئەوەی چاپیان بکەی، نائومێد نەببوی؟.**

– نەخێر، چونکە لەو سەردەمەی ئێمەدا، بابەت چاپکردن لە تەمەنی لاویدا نائاسایی بوو. هەڵبەتە یەک تا دوو کەس هەبوون بۆ نمونە (رادیگە) کە بیلمەت بوو. خودی سارتەریش تا تەمەنی (35) ساڵی کە هەردوو بەرهەمی (هێڵنج) و (دیوار)ی چاپکرد، شتێکی ئەوتۆی چاپ نەکردبوو.

کاتێک یەکەمین پەرتوکم کە شیاوی چاپیش بوو، ڕەتکرایەوە، کەمێ دڵسارد بوومەوە. ئەو ساتەی یەکەمین چیرۆکم بەناوی (ئەو هات تا بمێنێتەوە) ڕەت کرایەوە، هەستێکی زۆر ناخۆشم لا دروست بوو. پاشان بیرم کردەوە کە پێویست ناکات پەلە بکەم. زۆر نوسەریش هەبوون درەنگ دەستیان پێکرد. هەمووان هەمیشە ناوی (ستاندال) دەهێنن کە تا تەمەنی (45) ساڵی، دەستی بە نوسین نەکرد.

*** کاتێک ڕۆمانەکانی سەرەتات دەنوسی، لەژێر کاریگەری نوسەرە ئەمریکیەکاندا بوویت؟**

–لە ڕۆمانی (ئەو هات تا بمێنێتەوە)دا بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری هەمەنگوای دا بووم، چونکە ئەو بوو کە سادەیی دیالۆگ و بایەخی شتە گچکەکانی ژیانی فێری ئێمە کرد.

*** بۆ نوسینی ڕۆمان، نەخشەیەکی ورد دادەڕێژی؟**

– نەخێر، خۆتان باشتر دەزانن بە (10) ساڵ نوسینی ڕۆمانێک و کارکردن لەسەر یاداشتەکانیش، لەگەڵ یەکتر ناگونجێن. بۆ نمونە کاتێک (ماندارن ها)م نوسی، کەسایەتییەکان و ژینگەکانیانم خوڵقاند و وردە وردە نەخشەکەی فۆرمەڵە بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکەکە زۆر زووتر لەوە دەست پێدەکەم کە نەخشەی کارکردنەکەی بۆ دابڕێژم.

*** خەڵک دەڵێن تۆ زۆر بە پرەنسیپیت و تەنانەت یەک رۆژیش بەبێ کار ناگوزەرێنیت، لە چ کاتژمێرێکدا دەست بەکارەکەت دەکەی؟۰**

– من هەمیشە بەپەلەم. چیت لێ بشارمەوە حەز بە دەستپێکی رۆژەکە ناکەم. یەکەمجار چا نۆش دەکەم و دواتر دوای کاتژمێر (9) دەکەومەگەڕ تا کاتژمێر (1) کار دەکەم، پاشان هاوڕێکانم دەبینم و کاتژمێر (5) دەگەڕێمەوە بۆ تەواوکردنی کارەکانم تا کاتژمێر (9). حەز بە کاری پاشنیوەڕۆیانیش دەکەم، کاتێ تۆ بڕۆی ئەوا رۆژنامەکان دەخوێنمەوە و رەنگە بچم بۆ شت کڕین. زۆربەی کات کارکردن

چێژبەخشە.

*** چ کاتێ سارتەر دەبینی؟.**

– شەوانە و هەندێکجاریش کاتی نانخواردن. بەگشتی پاشنیوەڕۆیان لە ژوورەکەی ئەودا کار دەکەم.

*** بەلای ئێوەوە دژوار نییە لەم ئەپارتمانەوە بڕۆیت بۆ ئەو ئاپارتمانەی دیکە؟.**

– نەخێر، چونکە پەرتوکی ئەکادیمی نانوسم، هەموو کاغەزەکانم پێیە و لەوێش دەتوانرێ کاری باش ئەنجام بدەیت.

*** یەکسەر تەرکیزتان لەسەری چڕ دەبێتەوە؟**

– زیاتر پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کە دەینوسم. ئەگەر کارەکە بەباشی بەڕێوەبچێ، چارەکێک، یاخود نیو کاتژمێر نوسینەکانی ڕۆژی پێشوو دەخوێنمەوە و چەند جارێ دەستکاری دەکەمەوە، پاشان هەر لەو خاڵەوە درێژەی پێدەدەم. بۆ دەستپێکردن، پێویستە نوسینەکانی پێشووم بخوێنمەوە.

*** هاوڕێ نوسەرەکانیشت هەمان نەریتی تۆیان هەیە؟**

– نەخێر، ئەم مەسەلەیە زۆر خودییانەیە. بۆ نمونە (سارتەر)، نەریتەکەی بەتەواوەتی جیاوازە لە من. (6) مانگی تەواو بۆ ماوەی (12) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کاری دەکرد. دوای ئەوەی پەرتوکەکەی تەواو دەکرد، (6) هیچ کارێکی نەدەکرد. هەروەک گوتم من هەموو ڕۆژێ کار دەکەم، جگە لە دوو تا سێ مانگی پشوو کە دەڕۆم بۆ گەشت، بەگشتی لە ماوەی گەشتەکەمدا هەرگیز کار ناکەم. بەدرێژایی ساڵ زۆر کەم دەخوێنمەوە، هەربۆیە کاتێ بۆ گەشت دەچم، یەک جانتای پڕ لە پەرتووک لەگەڵ خۆمدا دەبەم، ئەو پەرتوکانەی کە کاتم نەبووە بیانخوێنمەوە، بەڵام ئەگەر گەشتەکەم بۆ ماوەی یەک مانگ، یاخود یەک مانگ و نیو بێت، هەست بە نائاسودەیی دەکەم بەتایبەتی ئەگەر لەنێوەندی دوو پەرتوکدا بم، حەوسەڵەم بە بێکاری لەدەست دەچێ.

**سەرچاوە:**

گفتوگو با دوبووار، ترجمە: مهرشید متولی، سایت متولی، مهرداد 1389.